
# ستراتیژەکانی بەردەم پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵان دەنووسێت

دوابەدوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ئێستادا هەموو لایەك لە چاوەڕوانی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتدان، بۆیە چەندین تەوەر پێویستیان بە هەڵوەستەکردن و تێڕامان هەیە کە پەیوەستن بە هەموو لایەنێکی بەشدار لەم ئەرکەدا،هاوکات ئەم هەنگاوەش بە دەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەو پاشخانی شارستانی کاروانی خەباتی گەلی کوردستان بەندە لەوەتەی ئازادی و رزگاریی ئەم گەلە لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت، هەروەها سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان حزبەکانی کوردستان و ئەو رێکەوتنانەی لە نێیوانیاندا لە ئارادایە،ئەمە وێرای هەندێ فاکتەری دەرەکی و لۆکاڵی.

دیارترین ئەو مەسەلە گەورەو ستراتیژییانەی کاریگەرییان بۆ سەر پێکهێنانی حکومەت هەیە ، پێش هەموو شتێك بارودۆخی هەرێمی کوردستان و گیانی لێبووردەیی کە هیچ جیاوازیی تایفی و ئایینی تێدا نییە،چونکە کۆمەڵگەی کوردستانی لە نێو خۆیدا تەباو هاوسۆزو لێبووردەیە و ئەو کەلتوورە مەدەنییە کراوەیەی لە نێو پێکهاتەی ئەم کۆمەڵگەیە چەسپاوە لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن رەنگی داوەتەوە کاتێ گەلی کوردستان بە ئاراستەی رێزگرتنی هاوبەش و بەشداری کردنی داب و نەریتی رەسەن و گیانی تەبایی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و بڕوابوون بە پرەنسیپی هاووڵاتیبوون و ئینتمای نیشتمانی بۆ هەرێمی کوردستان و دوور لە ململانێی بۆ هەر پرەنسیبێکی لاوەکی دیکە هاتە مەیدانی ئەم پرۆسە دیموکراتییەدا.

ئەمە بە پێچەوانەی بەغداو ناوچەکانی دیکەی عیراق کاتێ دەبینین هێزو لایەنە حزبییەکان بەردەوامن لە نانەوەی ناکۆکی و دووبەرەکیی تایفی و سەپاندنی فەلسەفەی سیاسی بەسەر سیستەمی حوکمڕانی و پێکهێنانی حکومەتدا،هەر ئەمەش هۆکارێکە بۆ سەقامگیرنەبوونی بارودۆخی ئەمنی و سیاسی لە وڵاتدا،بۆیە هێزو بزووتنەوە ئایینیەکان لە هەرێمی کوردستان دەزانن مانای هەڵبژاردنی هێزە مەدەنییەکان لە لایەن گەلی کوردستانەوە و پێگەی سەرکردایەتیی مێژوویی ئەم گەلە کە خۆی لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەبینێتەوە، چی دەگەیەنێت.

هەر لەبەرئەوە دەبینین ئەو بزووتنەوە ئایینیانە هەندێ داخوازی و بیانوو دەخەنەڕوو کە لە ئاستی داخوازییە سیاسییە رەواکاندا نین و ناگاتە ئەو رادەیەی کە مایەی ئەوە بێت کە مانای سووربوون و پێداگریی تەواو و رەوا هەیە بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا،هاوکات سروشتی کۆمەڵگەی کوردستانیش ئەم ئاراستەیە بە چاك نابینێت،واتا نابێت وەکو ئەوەی بەغدا لەسەر بنەمای هاوپشکیی سیاسی بێت،لە هەمان کاتدا پێویستە ئەو بزووتنەوانە چاك بزانن کە ئەو بەڵێن و پەیمانانەی بە جەماوەریان دابوو لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا زۆر زەحمەتە بۆیان بێتەدی چونکە ئەوان بنکەی جەماوەرییان سنووردارەو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە هەنگاوی تۆکمە بەرەو بەدیهێنانی دەستکەوتی زیاتر و داخوازی رەوای گەل بەرەو پێشەوە دەچێت.

گەلی کوردستان لەوپەڕی پیادەکردنی دابو نەریت و سروتە ئایینییەکانیدایە و بە ئازادییەکی رەهاوە خەریکی پەرستن و گرتنەبەری ئەو سروتانەیە جا چ موسڵمان بن یاخود کریستیان و ئێزیدی و ئایین و ئایینزاکانی دیکە کە ئەمەش کارێکی سروشتی و ئاساییە لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە بڕوای بە مافی هاووڵاتیبوون و ئازادیی ئایینی هەیە.

دیارە مەسەلەی پاشخانی تایفی ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا بەهیچ شێوەیەك بوونی نییە کە ناکرێ ببێتە مایەی گفتوگۆ لەسەر کردن لەپێناو پێکهێنانی حکومەتدا،پاشان ستراتیجییەتی چەسپاو لە هەرێمی کوردستان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە میللەت جارێکی دیکە متمانەی بە سەرکردایەتییەکەی خۆی دایەوە تاکو ببێتە پێشڕەوی ڕێبازی بنیادنانی دامودەزگاکانی دەوڵەتێکی مەدەنی کە دووربێت لە کاریگەریی و ئاراستەکانی ئایینزایی و دەمارگیریی ئایینی کە دەوری کوردستانی داوە جا چ لە بەغدا یان تاران یان ئەنکەرە و تەنانەت لە سوریاش کە هەندێ هێز دەیانەوێت شۆڕش بۆخۆیان قۆرخ بکەن و بە ئاراستەی ئایینی بەرتەسك و سەردەمی تاریکیی دەوڵەتانی سەدەکانی ناوەڕاستیدا بەرن. بۆیە پێکهێنانی حکومەت زیاتر جەخت دەکاتەوە لەسەر بنیادێکی مەدەنی کە نەکەوێتە ژێر باری هیچ فشارێکی بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی هەتا ئەگەر ئەو هێزانە ئەوەش بگرنەبەر ناتوانن ئامانجەکانیان بپێکن بەتایبەتیش لە چوارچێوەی ئەو ئازادییەی بۆ پەیڕەوکردنی گشت سروت و دابو نەریتە ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستان فەراهەم کراوە.

کێشەیەکی دیکەی ستراتیژی کە رووەو پێکهێنانی حکومەت دەبێتەوە،پەیوەستە بە مەسەلە ئابوورییەکانەوە، هەروەها ئەو پلانانەی پەیوەستن بە بابەتی بەرەو پێش چوونی کاروانی بنیادنانەوە،بۆیە لێرەدا پێویستە ئاماژە بکەین بەو سەرکەوتنانەی لە سایەی دوا کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتوونەتەدی بە تایبەتیش لە بوارەکانی وەبەرهێنان و خانووبەرەو بنیادناندا،بە تایبەتیش ئەوەی بەندە بە مەسەلەی بەرهەمهێنانی وزەوە کە ئەمەش ڕێگە بۆ حکومەت خۆش دەکات زیاتر سووربێت لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی و بووژانەوەی ئابووری.

هەر بە هەمان ئاراستەدا بەردەوامبوونی کابینەکەی ئێستا کارێکی رەوا و چاوەڕوانکراوە، چونکە رۆڵێکی بنیادنەری لە زۆربەی بوارەکاندا بینیوە هەر لە بەمۆدێرنکردنی پەروەردە لەبەرئەوەی ئەو بوارە لە هەموو بوارەکانی دیکە بۆ بنیادنان و گەشەکردنی کۆمەڵگەی تازە پێویستە،پرسی بایەخدانی چەسپاوی ستراتیژیی بە پەروەردە بە تایبەتیش خوێندنی باڵا تاکە خاڵی گرنگی بەرنامەی حکومەتی تازەیە،کە بە گەڕانەوە بۆ هەردوو کابینەکەی ئەم دواییە بۆمان دەردەکەوێت تا چەند ئەم لایەنە گەشەی کردووە لە سایەی بزووتنەوە مەدەنییەکان و لەسەرووشیانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان،کە ئەمش هاندەرێکە بە ئاراستەی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەگەر بچینە لای مەسەلەیەکی دیکەی ستراتیژی کە کاریگەریی هەیە لە پێکهێنانی کابینەی حکومەت دەبینین کە مەسەلەی سیاسی بە ئاراستەی دروستبوون و بەهێزکردنی پەیوەندیی حزبایەتی دەبێتە خاڵێکی گرنگی گۆڕانکارییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە پێی ئەو ئەنجامانەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی کوردستان هاتنەئاراوە،ئەو دەرئەنجامان پێمان دەڵێن:ئەو پەیوەندییانە نهێنی نین لە پشت سەرکەوتن یان پاشەکشەکردنەوە،بەڵکو پەیوەستن بە ئەداو لێهاتوویی و تواناو بنکەی جەماوەریی ئەو حزبانەوە نەك بە پەیوەندییەکانی نێوان خودی حزبەکان،بۆیە نابێ بە هیچ شێوەیەك بیر لەوە بکرێتەوە کە شەقام بۆخۆمان رابکێشین بە هۆی فشاری حزبییەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەت،هەر لەبەر ئەو هۆیەیە دەبینین کە پێکهێنانی حکومەتی تازە زیاتر پشت بەو بەرنامانە دەبەستێت کە ڕێبازی پێشکەوتن و پەرەپێدان پەیڕەو دەکات نەك بە ڕێژەی بەشداریکردنی حزبی.بۆیە لە بەرژەوەندیی هیچ حزبێکدا نییە کە بۆ بەدەستهێنانی بەشەکەی خۆی لەسەر حسابی بەرژەوەندیی گشتی سەرکێشی بکات.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنك بدرێت ئەویش پێشبینی کردن و خوێندنەوەی سیاسییە بۆ شێوازی پێکهێنانی حکومەت کە رەنگە ئەرکەکە سەختترو قورستر دەکات،هەرلەبەرئەوەیە کە وا لە حزب و لایەنەکان دەکات زیاتر رۆڵی پۆزەتیڤیان هەبێت لەبەلاوەنانی گرژیی و بیانووهێنانەوە کە دەبنە بەربەست لەبەردەم پێکهێنانی حکومەتی تازەدا.تەبایی و بەیەکەو گونجان و هەماهەنگی ئەمانە فاکتەری پۆزەتیڤن بۆ حزب و لایەنە سیاسییەکان کە دەنگی گەل بۆ خۆیان مسۆگەربکەن و بەرژەوەندیی تەسکیی حزبایەتی بخەنە لاوەو واز لە تێڕوانیتی ڕێژەی کورسی و پۆستەکان بهێنن و بە پێی قۆناغی ئەم سەردەمە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەکەدا بکەن.

پێویستە ئەوە بخەینەوە یاد کە هەرێمی کوردستان پەیوەندیی فیدرالی لەگەڵ بەغدادا هەیەو کەوتۆتە نێودوورگەیەکی بارگاوی بە شەڕو پێکدادان و توندوتیژی و ململانێی سەخت، بێ گومان بە هیچ شێوەیەك لەم چوارچێوەیە بەدوور نابێت،بۆیە کاریگەریی ئیقلیمی و دەرەکی خاڵێکی دیکەی ستراتیژییە لە هاوکێشەکەدا،کە پڕیەتی لە بەرژەوەندیی هاوبەش و پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ کە رەنگە هەموویان بە پۆزەتیڤ بەلای هەرێمدا نەشکێنەوە،هەر لەبەر ئەمەیە لە پێکهێنانی حکومەتی تازەی کوردستان دەبێت ئەم بەرژەوەندییە هاوبەشانە نادیدە نەگیرێن و بە بایەخەوە لەبەرچاو بگیرێن،ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کێ دەتوانێت کابینەی تازە پێك بهێنێت و بە چ شێوەیەك سەرکەوتن بەدەست دێنێت و چ بەرنامەیەك بۆ هەرێمی کوردستان پێویستە بە تایبەتیش لەسەر ئاستی پەیوەندییە دەرەکیی و ئیقلیمییەکان.

بە کورتی دەتوانین فاکتەرەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەتی تازەی هەرێمی کوردستان لە لۆکاڵی و دەرەکیدا ببینینەوە، لۆکاڵەکان بریتین لە ئەنجامی تەواوو دروستی هەڵبژاردنەکان و ویستی گەلی کوردستان بەو ئاراستە گشتییە مەدەنییەی کە زۆرینەی بەدەستەوەیە تاکو پێشەوایەتیی ئەو کابینەیە بکات کە بەم زوانە دادەمەزرێت، فاکتەری دەرەکیش بریتییە لە پەیوەندیی لەگەڵ بەغداو دەوڵەتانی دراوسێ.لە هەمووشی گرنگتر لە پێکهێنانی کابینەی تازەدا ئەوەیە کە پشت ببەسترێت بە تەکنۆکرات و عەقڵی زانستیی و خاوەن پسپۆڕی و کارامەیی،هاوکات سەرکردایەتییەکی سیاسی کە گەل بە براوەی یەکەم هەڵیبژاردو بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم لایەن و هێزەکانی دیکەی گۆڕەپانی کوردستان لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە مەرجی پێشوەخت لە ڕێژەو ژمارەی کورسییەکان و پێویستە هەموو تواناکانیش بخرێتە خزمەت بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان و دامەزراندنی دامودەزگاکان و بەرەوپێش بردنی هەموو کایەکانی ژیان و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان.

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان**

**ئەو مەسەلە گەورەو ستراتیژییانەی کاریگەرییان بۆ سەر پێکهێنانی حکومەت هەیە، پێش هەموو شتێک بارودۆخی هەرێمی کوردستان و گیانی لێبووردەیی کە هیچ جیاوازیی تایفی و ئایینی تێدا نییە،چونکە کۆمەڵگەی کوردستانی لە نێو خۆیدا تەباو هاوسۆزو لێبووردەیە**

**گرنگترین شت لە پێکهێنانی کابینەی تازەدا ئەوەیە کە پشت ببەسترێت بە تەکنۆکرات و عەقڵی زانستیی و خاوەن پسپۆڕی و کارامەیی،هاوکات سەرکردایەتییەکی سیاسی کە گەل بە براوەی یەکەم هەڵیبژاردوە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم لایەن و هێزەکانی دیکەی گۆڕەپانی کوردستان**





# لۆژیکی کۆمپرۆمایز بنەمای هاوپەیمانییە

## خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ چەمکی رەهایی لەنێو پرۆسەی دیموکراتیدا

((بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتیەکی سەقامگیرت بۆ پێکهێنانی حکومەت هەبێت، دەبێت توانای هێنانەدی ئەو کۆمپرۆمایزەش هەبێت کە لەلایەن لایەنەکانی هاوپەیمانێتیەکەوە قبوڵ بکرێت، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا جۆری کۆمپرۆمایزەکە ژیانی هاوپەیمانێتیەکە دیاری دەکات.. هەندێ جار پێکهێنانی هاوپەیمانێتی کاتێکی زۆری دەوێت و پێویستی بە گفتوگۆی پێشوەختی لایەنە بەشداربووەکان دەبێت و هەندێ جاریش سەرکەوتوو نابێت، کاتێکیش پارتەکان روودەکەنە یەکتر و ئەوە بە یەک رادەگەیەنن کە ئێمە ئەم بەڵێن و ئەو بەڵێنەمان بە خەڵکی داوە ئەگەر زۆرینە بەدەست بهێنین، بەڵام ئێستا کە زۆرینەمان نەهێناوە، ئەوا دەبێت کار بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکە و بەرژەوەندی پارتەکەمان بکەین و دەبێت قوربانی بدەین و سازش لەو ئامانجانە بکەین کە لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەرزمان کردبوونەوە بۆ ئەوەی بەشداری لە حکومەتەکەدا بکەین. هەندێ لە پارتەکان تا دوا رادە توندن و رایدەگەیەنن کە ئێمە هیچ سازشێک ناکەین و ئەوەی ئێمە لەگەڵ دەنگدەراندا هەمانبووە وەک گرێبەستێک وایە و هەرچیەک لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە رووبدات- واتە دەرئەنجامەکانی هەرچیەک بن- ئەوا ئێمە بەڵێنەکانی خۆمان ناگۆڕین، لە حاڵەتی لەم شێوەیەدا پارتەکان ناتوانن هاوپەیمانێتی پێکبهێنن و لە دەرەوەی حکومەتدا دەمێننەوە و دەبنە موعارەزە. بۆیە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پارتێک یان چەند پارتێک بەرپرسیارێتی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان لە ئەستۆیە و لە هاوپەیمانێتیدان، و هەندێ پارتیش لە دەرەوەی دەسەڵات دەمێننەوە. لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا هاوپەیمانێتیەک پێکدەهێنرێت کە سەرجەم پارتەکان لە خۆبگرێت، کە ئەمە لە هەندێ کانتۆنی سویسرادا روودەدات کە سەرجەم پارتەکان بەشداری لە حکومەتدا دەکەن و ئەندامیان تێیدا هەیە، واتە حکومەت لە سەدا سەد نوێنەرایەتی پەرلەمان دەکات و موعارەزە بوونی نییە، ئەمەش زۆر دەگمەنە)).




ئەلسکەندەر تریچل بۆ گوڵان

زۆربەی پسپۆرانی زانستی سسیاسەت کە باسی سیستمی حزبایەتی لە پرۆسەی دیموکراتی دەکەن، سیستمەکە دابەش دەکەن بۆ دوو حزبی وەك بەریتانیاو ئەمریکا، یان فرەحزبی وەك لەزۆربەی وڵاتانی دیموکراتی بوونی هەیە، لەنێو ئەم پۆلینکردنەدا، پسپۆران پێیانوایە براوە و دۆڕاو وەك دیاردەیەکی زەق تەنیا لە سیستمی دوو حزبیدا بوونی هەیە، لەبەر ئەوەی حزبی براوە بەتەنیا دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت و پێویستی بە سازش یان وتوویژ لەگەڵ حزبەکەی دیکە نییە، ئەوجا لەبەر ئەوەی دیموکراتی لەو وڵاتانە کامڵ بووە، ئەوا لایەنی دۆڕاو دوای ئەوەی بەفەرمی ئاکامی هەڵبژاردن قبوڵ دەکات، ئامادەیە ببێتە ئۆپۆزسیۆن و هیچ بەشدارییەکی لە حکومەتدا نەبێت، هەربۆیە براوە و دۆڕاو لەسیستمی دوو حزبی دیاردەیەکی زەقە و دەکرێت وەك براوە یان دۆڕاوی راستەقینە پێناسە بکرێت، بەڵام هەر ئەو پسپۆرانە پێیانوایە لە سیستمی فرەحزبیدا راستە لایەنێکی سیاسیی وەك براوە دەردەکەوێت کە لە هەموو حزبەکانی دیکە دەنگی زیاتر هێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لایەنی براوە بە تەنیا ناتوانێت حکومەت پێکبهێنێت و پێویستی بە کۆمپرۆمایز و وتوویژ هەیە بۆ ئەوەی هاوپەیمانیەك پێکبهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، ئەوا بەتەنیا براوە نییە و لایەنەکانی دیکەش کە دەنگی کەمیان هێناوە دۆڕاو نین، بۆیە پێیان دەگوترێت لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن، ئەم چەمکە کە دەگوترێت لایەنە براوەکان، دوو مەبەست لە پشتیەوەیە:

١. لەهەندێ وڵات بۆ نموونە تورکیا کە رێژەی ١٠٪ دانراوە بۆ ئەوەی حزبەکان بتوانن بچنە ناو پەرلەمان و ئەندامیان هەبێت، ئەوا تەنیا ئەو حزبانە بە دۆڕاو حساب دەکرێن کە نەیانتوانیوە رێژەی ١٠٪ی دەنگەکان بەدەست بهێنن، ئەو حزبانەی کە رێژەی لە ١٠٪ زیاتر بەدەست دەهێنن بە براوە حسابن، چونکە هەم دەتوانن لە حکومەت بەشدار بن و هەم لەپەرلەمانیش، یان بەشدار نەبن و ببنە ئۆپۆزسیۆن.

٢. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی هەرێمی کوردستان وەك یەکەم ئەزموونی پرۆسەی دیموکراتی لە مێژووی حکومڕانی کوردستاندا، رێژەی ٧٪ دیاری کرابوو بۆ ئەوەی حزبەکان بچنە پەرلەمان، ئەوەبوو بێجگە لە پارتی و یەکێتی لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢ هیچ حزبێك ئەو رێژەی تێنەپەڕاند بۆیە، سیستمی دووحزبی وەك ئەمری واقیع دەرکەوت و شێوازی حکومڕانی پەنجا بە پەنجای لێ کەوتەوە، بەڵام لەدوای ئەم هەڵبژاردنە ئەم رێژەیە لابرا و تەنیا پێوەر کرا بەوەی حزبێك ئایا دەتوانێت بەهای کورسیەکی پەرلەمانی کۆبکاتەوە یان نە، لەمەش زیاتر کام لە حزبەکان رێژەی نزیك لە بەهای کورسیەکی پەرلەمانی بەدەست دەهێنێت، ئەمە وایکرد کە لە هەرێمی کوردستان سیستمی دوو حزبی بگۆڕێت بۆ سیستمی فرە حزبی، بۆیە لەم سیستمەی کوردستاندا، دەکرێت تەنیا ئەو لایەنانە بەدۆڕاو حساب بکرێن کە نەیانتوانیووە بەهای کورسیەکی پەرلەمانی دەنگ بەدەست بهێنن، ئەوانی دیکە بەو حزبانەشی نزیکەی بەهای کورسیەکی پەرلەمانیان بەدەست هێناوە بە براوەی هەڵبژاردن حساب دەکرێن، ئەمەش وایکردووە هەندێ حزبی سیاسی وەك حزبی شیوعی کوردستانی، حزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان، لەگەڵ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ هەر لایەنێك یەك دوو کورسیشی هێنابوو، بەڵام هەر یەکەیان بە وەزارەتێك لە کابینەی شەشەم و حەوتەم بەشدار بوون.

ئەم دوو حاڵەتەی ئاماژەمان پێکرد، هەردووکیان گەرەنتین بۆ بەردەوامی ژیانی فرەحزبی لەوڵاتدا، بەڵام ئەگەر رێژەیەکی دیاریکراو هەبێت، فرەحزبی سنوردار دەبێت، وەك ئەوەی ئێستا لە تورکیا هەیە کە هەندێ حزب ناتوانن بەشداری پەرلەمان بن، تورکیاش هەستی بەم دیاردەیە کردووە بۆیە لە پاکێجی دیموکراتی ئەم دواییەی ئەردۆگان رایگەیاند، ئاماژە بەوەکراوە رێژەی ١٠٪ کەمبکرێتەوە بۆ رێژەی ٥٪ بۆ ئەوەی ئاستەنگی بەردەم حزبەکان بۆ چوونە ناو پەرلەمان کەمبکرێتەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان کە لەدوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢ ئەم رێژەیە بوونی نەماوە، ئەمە مانای ئەوەیە هیچ سنوورێك بۆ فراوانبوونی فرەحزبی لەم هەرێمە نییە و ئەمەش بۆ وڵاتێکی تازە پێگەیشتوو کە لە سەرەتای قۆناخی بونیادی دیموکراتیدایە دەستکەوتێکی گەورە و دەگمەنە، کە وڵاتان هەن، بەتایبەتی وڵاتانی سەرکەوتووی وەك وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا نەیانتوانیووە ئەم هەنگاوە لەدوای چەندین ساڵ هەڵبگرن، کە ئێستا بە وڵاتانی سەرکەوتوو لەپرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە و دەوڵەت لەسەر ئاستی جیهان هەژمار دەکرێن.

ئەم چەند دێڕە گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئاماژە بەوە بکەین، ئایا لەسیستمی فرەحزبیدا براوەکانی هەڵبژاردن چۆن ئاکامی هەڵبژاردن قبوڵ دەکەن؟ ئایا ئەگەر بانگێشەیەك هەبوو بۆ تانەدان لە ئاکامی هەڵبژاردن

**کاتێک حزبێکی سیاسیی کە چەند هەزار دەنگێک لە مەزندەی خۆی کەمتر بەدەست دەهێنێت و لە پرۆسەکە خۆی لە براوەوە دەکات بە دۆڕاو، ئەمە مانای ئەوەیە دیموکراتی بە ئایدۆلۆژیەت و بیرکردنەوەی ئەو حزبە سیاسییە نە دروست دەبێت و نە دەشپارێزرێت**

چ نیەت و مەبەستێکی لە پشتەوەیە؟
وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە گەڕانەوە هەیە بۆ شـێوازی جیاوازی ئایدۆلۆژیەت و بیرکردنەوەی حزبە سیاسـییەکان، ئەم شێوازی جیاوازی بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیەتە، پەیوەندی نێوان حزبی سیاسـیی و پرۆسەی دیموکراتی دیاری دەکات، بەمانایەکی دیکە ئایا حزبەکان دەتوانن رایەڵەیەکی پتەو لەنێو پرۆسە دیموکراتیەکە دروست بکەن، یان چەمکی دیموکراتی و ئایدۆلۆژیەتی حزبە سیاسییەکان، هەر یەکەیان لەلایەک گۆشەگیر دەبن و لەیەکتری دوور دەکەونەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرۆ فیسـۆر ڤان بیزن ئینگرید لەزانکۆی بیرمنگهامی بەریتانی لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (پارتە سیاسـییەکان چۆن روخسـاری دیموکراتی دیاری دەکەن؟) خەتی لەسـەر ئەم لایەنە کردۆتەوەو نووسـیوویەتی ((ئەم توێژینەوەیە هەڵسـەنگاندنی پەیوەندی نێوان سروشتی حزبە سیاسییەکان و شێوازی جیاوازی دیموکراتیەکانە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە رۆڵی جیاوازی حزبە سیاسـییەکان هۆکارێکە بۆ خێراکردنی پرۆسـەی وەرچەرخانـدن، بەڵام ئەمەش پشت دەبەستێت بەوەی کام حزب دەتوانێت بەشێوەیەکی تەدریجی بەو شێوەیە خۆی بخاتە روو بەوەی پێویست و گرنگـە وەك دامەزراوەیەك بـۆ دیموکراتی، هەر ئەمـەش دەبێتە هـۆکاری ئـەوەی چەمکی حزب گۆڕانکاری بەسەردا بێت، لە رێکخراوێکی تایبەتی خۆبەخشـی ئەندامەکانیەوە بۆ حزبی سیاسیی وەك بنکەیەکی جەماوەری و حزبی سیاسی وەك توخمێکی سـەرەکی گرنگ بۆ دیموکراتـی، وەك دەرکەوتووە لەزۆربەی کەیسەکانی دیموکراتیە تازەکاندا ئەو حزبە سیاسییانەی دەتوانن بە شێوەیەکی دیار بەشدار بن لە پرۆسە دیموکراتیەکە، ئەوا بەشداری حزبی سیاسیی بۆتە هۆکاری ئەوەی پرۆسە دیموکراتیەکە سەرکەوتوو بێـت و پەیوەندی نێوان حزب و دیموکراتی پێویسـت بێت، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ بازدان بەسـەر ئەو چەمکەی کە ئێستا شـێوەیەك لە کۆدەنگی لەبارەوە هەیە لەدیموکراتیە تازەکاندا بەوەی توێژینەوە لەسـەر حزبی سیاسـی و دیموکراتی بوونەتـە دوو بابەتی جیاواز، ئـەم بۆچوونەی کە نیمچـە کۆدەنگیەکی لەسـەر هەیە لەو باوەڕەدایە بەو شێوازەی ئێستا حزبە سیاسـییەکان لە دیموکراتیە تازەکاندا رەفتار دەکەن، ناتوانرێت دیموکراتی بپارێزرێت)).
ئەگەر لەسەر ئەم بۆچوونەی پرۆ فیسۆر ڤان ئینگرید هەڵوەستە لەسەر سروشتی ئەو حزبە سیاسییانە بکەین

**حزبە رادیکاڵەکانی ئۆپۆزسیۆنی پێشوو، هێندەی جەخت لە دروستکردنی تەنگژە و هەوڵدان بۆ شەرعیەتدان بە تەنگژە کاردەکەن، هێندە هەوڵیان نەداوە لەدوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی هەڵبژاردن بازنەی ئایدۆلۆژیەتی حزبی خۆیان تێپەڕێنن و بەرەو کرانەوە و گونجان لەناو بەرنامەیەکی نیشتمانی خۆیان ببیننەوە**

کە لەنێو پرۆسـەی دیموکراتی بەشـدار دەبن، ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامەی بۆچی حزبە سیاسـییەکانی بـراوەی هەڵبژاردنی سیسـتمی فرەحزبی، ئاکامی هەڵبژاردن رەتدەکەنەوە، یاخود بۆچی هەوڵدەدەن تانەی نابەجێ لە ئاکامی هەڵبژاردن بدەن؟ ئەمە دەکرێت بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:
١. هەڵبژاردن و دەنگدان لە دیموکراتیدا، پرۆسـەی نمایشـکردنی ئایدۆلۆژیەتی جیاواز و بیرکردنەوەی جیاوازی حزبە سیاسـییەکانە، بۆیە کاتێك حزبێکی سیاسیی کە چەند هەزار دەنگێك لە مەزندەی خۆی کەمتر بەدەست دەهێنێت و لە پرۆسەکە خۆی لە براوەوە دەکات بـە دۆڕاو، ئەمە مانای ئەوەیە دیموکراتی بە ئایدۆلۆژیەت و بیرکردنەوەی ئەو حزبە سیاسـییە نە دروسـت دەبێت و نە دەشـپارێزرێت. راشکاوانەتر ئەو حزبە سیاسییانە نکۆڵی لە بڕیاری جەماوەر دەکەن بۆ ئەو پێگەو قەوارەیەی لە پرۆسەکە بۆی دیاریکردوون، ئەم نکۆڵی کردنەش بە رەتکردنەوەی لایەنی بەرامبەر و ئاسـتەنگ دروسـتکردن بۆ پێکهێنانی حکومەت دەردەبڕێت.
٢. ئەو حزبە سیاسـییانەی لە هەڵبژاردنی سیستمی فرەحزبی دۆڕاو و براوە بەپێی قەوارەی خۆیان پۆلین دەکـەن، نایانەوێت لە رێزگرتن لە ئیرادەی گەلەوە بۆ دانپێدانـان بە بەرامبەر هەنـگاو هەڵبگرن، هەروەها لەبـەر ئەوەی ئەو بنەمایانەی کـە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ سـوودی لێوەرگرتووە، پیشاندانی بەرنامە و بیرکردنەوەی ئەو حزبە نەبووە و لەسـەر ناشرینکردن و رەتکردنـەوەی بەرامبەر کاری کردووە، بۆیە ناتوانێت هۆکارێك بێت بۆ پێکـەوە گونجان و کۆمپرۆمایز و پەنا بـۆ رەتکردنەوە و هاندانـی توندوتیژی دەبات، کە ئەمانـەش لەبری ئەوەی خزمەت بە پرۆسـەی دیموکراتی و پاراستنی سیستمە دیموکراتیەکە بدات، دەبێتـە هۆکارێك بـۆ کۆتایی هاتن بـە لێبوردەیی و کۆتایـی هێنان بە سیاسـەتی نەرمـی نواندن و کۆمپرۆمایز بۆ ئەوەی پێکەوە گونجان و هاوپەیمانی نیشتمانی بێتە ئاراوە.
ئەگەر لەسـەر بنەمای ئەم دووخاڵە شـرۆڤەیەك بۆ ئاکامی هەڵبـژاردن و بیروبۆچوونی جیاوازی حزبە سیاسـییەکانی کوردسـتان بکەین، ئەوا راشکاوانە هەموو ئەو بیرکردنەوە جیاوازانە هەسـت پێدەکەین کە مەبەستیانە چۆن مامەڵە لەگەڵ پرۆسە دیموکراتیەکە بکەن، ئەم مامەڵە کردنەش پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی حزبە سیاسـییەکان و ئەو سیستمە دیموکراتیە دیاری

دەكات كە لە هەرێمی كوردستان بوونی هەیە، كە هەندێك جار ئاستی رەشبینی دەگاتە ئەو ئاستەی نەزانرێت ئایا ئەم بیركردنەوە جیاوازانە دەتوانن پێكەوە بگەنە هاوپەیمانیەكی ئەوتۆ كە حكومەتێكی بەهێز پێكبهێنن؟ یان ئەم شێوازە نەخوازراوە ئەوەمان بیردێنێتەوە كە بەم شێوازی بیركردنەوەی حزبیانە دیموكراتیەت ناپارێزرێت. هەر ئەم حاڵەتەشە كە بیرمەندێكی گەورەی وەك هنتنگتن هەڵوەستە لەسەر ئەو لایەنە بكات و بپرسێت، ئایا بۆچی حزبە سیاسییەكان لە دیموكراتیە پێگەیشتووەكاندا هۆكارێكن بۆ گەشە و زیاتر رەگداكوتانی دیموكراتی، بەڵام لە دیموكراتیە تازەكاندا خودی حزبی سیاسیی دەبێتە هەڕەشە بۆسەر پرۆسەی دیموكراتی؟ سەبارەت بەوەڵامی ئەم پرسیارە پرۆفیسۆر دەیڤید هێڵد لە كتێبی (مۆدیلەكانی دیموكراتی) جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە ئەو حزبە سیاسییانە لە پێناوی ئەوەی پارێزگاری بە دەنگەكانیانەوە بكەن، پەنا بۆ هەموو رێكارێك دەبەن و سەرەنجامیش ئەم بیركردنەوەیە بەلاوازی سیستمە دیموكراتیەكە كۆتایی پێ دێت، بۆیە ئەگەر لەو بۆچوونەی دەیڤید هێڵدەوە راشكاوانەتر لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بكەین كە زۆر بە سادەیی لە بیركردنەوەی حزبە سیاسییەكاندا هەستی پێدەكەین، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی كە حزبە رادیكاڵەكانی ئۆپۆزسیۆنی پێشوو، هێندەی جەخت لە دروستكردنی تەنگژە و هەوڵدان بۆ شەرعیەتدان بە تەنگژە كاردەكەن، هێندە هەوڵیان نەداوە لەدوای كۆتایی هاتنی پرۆسەی هەڵبژاردن بازنەی ئایدۆلۆژیەتی حزبی خۆیان تێپەڕێنن و بەرەو كرانەوە و گونجان لەناو بەرنامەیەكی نیشتمانی خۆیان ببیننەوە، ئەمە بەدرێژایی ماوەی نێوان هەڵبژاردنەكانی تەمموزی ٢٠٠٩- تا ئەیلوولی ٢٠١٣، ئامانجی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن بووە لە كوردستان و هەر لەسەر ئەم بەرنامەیەش بەشداریان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەیلوولی ٢٠١٣ كردووە، كرۆكی بەرنامەكەش كە هەرسێ لایەن تیایدا یەكدەگرنەوە، دروستكردنی تەنگژە و هەوڵدان بۆ شەرعیەتدان بە تەنگژە بووە، ئەمەش راشكاوانەتر مانای ئەوەیە هەوڵدان بووە بۆ دروستكردنی ئاستەنگ بۆ حكومەت و ناشرینكردنی پارتی و یەكێتی وەك دوولایەنی سەرەكی لە حكومڕانی كوردستاندا . ئەم جۆرە رەفتار و بیركردنەوەیەی ئۆپۆزسیۆنی پێشووش لە نێو پرۆسەی دیموكراتی كوردستاندا، مۆدیلێك لە دیموكراتی بەرهەم هێناوە كە پەیوەندی پێویستی نێوان حزب و دیموكراتی بەرادەیەك لێكجیاكردۆتەوە، وەك ئەوەی دیموكراتیەت لە شوێنێك بێت و حزبی سیاسیی لە شوێنێكی دیكە بێت، یان وەك ئەوەی ئەوان وەك ئۆپۆزسیۆن خاوەنی بەرنامەیەكی نیشتمانی بن و لایەنی پارتی و یەكێتی وەك دوولایەنی سەرەكی لەنێو پرۆسەی حكومڕانی خاوەنی بەرنامەیەكی نانیشتمانی بن، ئەم جۆرە بیركردنەوەیە كە لە بنەڕەتدا سووكایەتیكردنە بە دەنگ و بڕیاری گەلی كوردستان، نەك هەر ناتوانێت دیموكراتی بونیاد بنێت، بەڵكو ئەگەر گۆڕانكاری ریشەیی بەسەردا نەیەت دیموكراتی لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێت و لۆژیكی كۆمپرۆمایز و پێكەوە گونجان و پێكەوە كاركردن دەگۆڕێت بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی و رەتكردنەوەی بەرامبەر.

## لە حكومەتی زۆرینەو كەمینەوە بۆ حكومەتی بنكە فراوان

لەگەڵ ئەوەی پارتی دیموكراتی كوردستان لە پەیامی مەكتەبی سیاسییەكەیدا بۆ پیرۆزكردنی پرۆسەكە و ئاكامی هەڵبژاردن داوای لەهەموو لایەنەكان كردووە كە رێز لەئاكامی هەڵبژاردنەكان بگرن و هەموو پێكەوە كار بۆ پێكهێنانی حكومەتێكی بنكە فراوانی نیشتمانی بكرێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ئەگەر حكومەتی بنكە فراوان پێكنەهات، ناتوانرێت لەكوردستاندا حكومەت لەسەر بنەمای هاپەیمانیەكی زۆرینە و كەمینیەكی ئۆپۆزسیۆن پێكبهێنرێت، هەروەها ئەمە بەراوردیش ناكرێت لەگەڵ حاڵەتی ئاكامی هەڵبژاردنەكانی بۆ نموونە پەرلەمانی عێراق، كە بمانەوێت یان نەمانەوێت كورد و سوننە كەمینەن و لایەنی شیعە زۆرینەن، هەرگیزیش ئەم كەمینەو زۆرینەیە گۆڕانكاری بەسەردا نایەت، بۆیە ئەگەر بۆ پەرلەمانی عێراق و پێكهێنانی حكومەت لە عێراقدا، هەتا ئەوكاتە بەتەواوەتی دەستووری عێراق جێبەجێ دەكرێت و سیستمی فیدرالی لە عێراقدا بە تەواوەتی دەچەسپێنرێت، بێجگە لە پێكهێنانی حكومەتی بنكە فراوانی نیشتمانی و هاوبەشی راستەقینەی پێكهاتە جیاوازەكان، رێگەیەكی دیكە نەبێت، ئەوا بۆ پێكهێنانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بارودۆخێكی دیكە و، هەم دەكرێت بە لەبەر چاوگرتنی قۆناخی ناسكی ناوچەكە و هەنگاو هەڵگرتنی زیاتر بۆ نزیكبوونەوە لەو ئامانجە نیشتمانیانەی كە گرنگە بەدەستیان بهێنین، بۆ ئەمەش حكومەتێكی بنكە فراوان پێكبهێنرێت و هەموو لایەنە سیاسییەكان تێیدا بەشداربن، هەمیش


**كاتێك ئۆپۆزسیۆنی دوێنی لەوە نائومێد دەبێت لەمە زیاتر قەوارەی گەورە نابێت و هەر بەكەمینە دەمێنێتەوە، ئەوا هەقە پێش ئەوەی هەوڵبدات ئەم لایەنە بشارێتەوە، بیر لەوە بكاتەوە چۆن زەمینەی كۆمپرۆمایز بۆ پێكهێنانی هاوپەیمانیەكی فراوان دەرەخسێنرێت و چۆن لەسەر بەرنامەیەكی نیشتمانی خۆی دەگونجێنێت و لە ئایدۆلۆژیەتی حزبی دوور دەكەوێتەوە**

دەکرێت هاوپەیمانیەکی زۆرینە پێکبهێنرێت و ئۆپۆزسیۆن بوونی هەبێت. ئەم حاڵەتە بەو مانایە نییە ئەوەی کورد لەبەغدا داوای دەکات و بە مافی خۆی دەزانێت، لە هەرێمی کوردستان مانایەکی دیکەی بداتێ، نەخێر مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە کە مەسەلەی زۆرینە و کەمینەی پەرلەمانی لەنێو پەرلەمانی عێراقدا گۆڕانکاری بەسەردا نایەت و زۆر زەحمەتیشە هەتا بەتەواوەتی دەستوری عێراق جێبەجێ دەکرێت و دەچەسپێنرێت دەوڵەتی هاوڵاتیبوون لە عێراقدا بوونی هەبێت، ئەمەش بەو مانایەی عێراقیەکان وەك هاونیشتمانی عێراق بیربکەنەوە، نەك کورد و سوننە و شیعە، ئەوجا لەبەر ئەوەی هەتا ئێستاش پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق، پێش ئەوەی خۆیان بە عێراقی بزانن، خۆیان بە پێکهاتە تایبەتیەکانی خۆیان دەزانن، ئەوا دامەزراندنی حکومەت لەسەر بنەمای زۆرینەو کەمینە واتە دروستبوونی باڵا دەستی پێکهاتەی شیعە بەسەر دەوڵەتی عێراق و پەراوێزخستنی هەردوو پێکهاتەی کورد و سوننە.

ئەم لایەنە کە لەچوارچێوەی تایبەتمەندی سیاسی و جوگرافی خۆیدا راڤەی لەسەر دەکرێت، زۆر جار لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ مەرامی سیاسیی ئەم تایبەتمەندییە سیاسیی و جوگرافیە فەرامۆش دەکەن و دەیشارنەوە و بانگێشە بۆ ئەوە دەکەن، مادام فلان هەنگاو لە عێراق هەڵگیراوە ئەوا دەبێت لە کوردستانیش لاسایی بکرێتەوە، ئەمەش نەك خزمەتی پرۆسەی دیموکراتی و ئەزموونی حکومڕانی کوردستان ناکات، بەڵکو هەوڵدان بۆ لاساییکردنەوەی عێراق، هەرێمی کوردستانیش بەرەو شێوازی ناوچەکانی دیکەی عێراق دەبات، بەواتایەکی دیکە ئەو دەستەواژەی ئێستا بۆ هەرێمی کوردستان بەکاردێت و پێی دەڵێن (عێراقەکەی دیکە) ئەو جیاوازییە بوونی نامێنێت.

ئەم خستنە رووە بۆ رەتکردنەوەی حکومەتی بنکە فراوان و بانگێشەکردن بۆ حکومەتی هاوپەیمانی زۆرینە و کەمینەی ئۆپۆزسیۆن نییە، بەڵکو خوێندنەوەیەکە بۆ تایبەتمەندی سیاسیی کوردستان و ئەگەری دروستبوونی گۆڕانکاری و جێ گۆڕکێ لەنێوان زۆرینەو کەمینەدا، کە ئەم ئەگەرەش لە پرۆسەی سیاسیی کوردستان، ئەگەرێکی واقیعیانە بێت و مەحاڵ نەبێت، ئەوا زۆر زۆر ئاساییە کە زەمینەی ئەو جێ گۆڕکێیە فراوان بکرێت، بۆ ئەوەی پرۆسەی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات لە کوردستان بێتە ئاراوە، بەڵام کاتێك





ئۆپۆزسیۆنی دوێنێ لەوە نائومێد دەبێت لەمە زیاتر قەوارەی گەورە نابێت و هەر بەکەمینە دەمێنێتەوە، ئەوا هەقە پێش ئەوەی هەوڵبدات ئەم لایەنە بشارێتەوە، بیر لەوە بکاتەوە چۆن زەمینەی کۆمپرۆمایز بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیەکی فراوان دەڕەخسێنرێت و چۆن لەسەر بەرنامەیەکی نیشتمانی خۆی دەگونجێنێت و لە ئایدۆلۆژیەتی حزبی دوور دەکەوێتەوە.

## هاوپەیمانی فراوان لەنێوان براوەکانی هەڵبژاردندا

لەدەسپێکی ئەم راپۆرتە ئاماژەمان بەوەکرد که لەسیستەمی فرەحزبیدا جیاواز لە سیستەمی دووحزبی، ئەو حزبانەی که توانیوویانە کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنن هەموویان بە براوەی هەڵبژاردن لە قەڵەم دەدرێن، هەمووشیان دەتوانن بەشداری لە حکومەت بکەن و هەروەها دەشتوانن ببنە ئۆپۆزسیۆن، بۆیە لەم حاڵەتەدا و دوای ئەوەی ئاکامەکانی هەڵبژاردن رادەگەیەنرێت و ئەو لایەنەی زۆرترین دەنگی هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەت رادەسپێردرێت، ئەوا ئەو لایەنە بەپێی بەرنامەی خۆی بتوانێت هاوپەیمانیەکی فراوان پێکبهێنێت بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لە حکومەت بەشدار بن، یان هاوپەیمانیەکی زۆرینە دروست بکات بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێت، ئەوا هەردوو شێوازەکە لە سیستمی دیموکراتی پەسەندە و دەکرێت هەردووکیان تاقی بکرێتەوە، بۆیە لێرەدا دیسان ئەوە دووبارە دەکەینەوە، ئەم راپۆرتە بۆ پەسەندکردنی حکومەتی هاوپەیمانی زۆرینەو رەتکردنەوەی حکومەتی بنکە فراوانی نیشتمانی نییە، بەڵکو ئەم باسە بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتۆکردنی شێوازی هاوپەیمانیەکەیە، پرسیاری گرنگ ئەوەیە چۆن هاوپەیمانیەکی فراوان بۆ پکێهێنانی حکومەت دروست دەکرێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر پیتەر وایلهاوەر ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی وێسترن میشیگان کرد و لەوەڵامدا سەبارەت بە پرسی هاوپەیمانی نێوان لایەنەکان بۆ پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (ئەوە سروشتی دیموکراسیەتی نوێنەرایەتیە کە دەبێت سازش بکرێت بۆ ئەوەی حکومەتی هاوپەیمانێتی پێکبهێنرێت و رەنگە دەنگدەران درك بەوە بکەن کە ناتوانن هەموو شتێك لەو حکومەتە بەدەست بهێنن کە لە دوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە هاتۆتەئاراوە. و رەنگە ئەو پارتەی زۆرترین کورسی هەیە پێویست بێت سازش بکات بۆ ئەوەی زۆرینە پێکبهێنێت و ئەمەش پێویستی بە گفتوگۆیەکی بە حەزەر و نەرم و نیان دەبێت، چونکە ئەگەرچی دوو گروپ بۆ چوونی



**پیتەر وایلهاوەر بۆ گولان:**

## ئەو پارتەی بەهۆی بەرنامەیەکەوە زۆرترین کورسی هەیە و سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت ئەوا ناکرێت سازش لەسەر ئەم بەرنامەیە بکات



**رۆبەرت سی لاوری بۆ گولان:**

## مەرج نییە پێکهێنانی هاوپەیمانیەکی گەورە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فروان بەشێک بێت لە هەموو کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی

جیاوازیشیان هەبێت، ئەوا زەمینەیەکی هاوبەشیان هەیە بۆ رێککەوتن. بۆ نموونە لیبراڵ دیموکراتەکان پتر ئەگەری رێککەوتنیان هەیە، ئەگەرچی پارتی جیاوازیشیان هەبێت، هەروەها پارتە موحافیزکارە، یان راسترەوەکانیش کۆمەڵێك باوەڕی هاوبەشیان هەیە، ئەگەرچی رەنگە لەسەر هەندێ پرس و مەسەلەی دیاریکراو سیاسەتی جیاوازیان هەبێت. لەبەر ئەوە دۆزینەوەی زەمینەی هاوبەش و دۆزینەوەی بوارێك بۆ سازش پەیوەستە بە سەرکردایەتیەوە، سەرکردایەتی- سیاسی- جیاوازیەکی گەورە دروست دەکات لە توانای پێکهێنانی حکومەت بە شێوەیەکی جێگیر و سەقامگیر و توانای ئەوەی هەیە بەردەوامی بەخۆی بدات لە سالانی داهاتوودا تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو. کەواتە ئەو پارتەی کە بەرزترین رێژەی هەیە لە حکومەتدا پێویستی بە سازشکردن دەبێت، لەبەر ئەوەی سەرۆك وەزیران لەو هەڵدەبژێردرێت و دەبێت حکومەتەکە لەسەر بنەمای بەشداریکردنی پارتە سیاسییەکانی دیکە پێکبهێنرێت و رەنگە پێویست بە سازشکردن بکات لەسەر ئەو سیاسەتەی لە ئاست پرسەکاندا دەگیرێتەبەر، بەڵام نابێت سازشەکە لەسەر بەشە سەرەکیەکەی بەرنامەکە بێت، بۆ نموونە ئەگەر ئەو پارتەی زۆرترین کورسی هەیە، بەهۆی بەرنامەیەکەوە سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت کە بەڵێنی سەقامگیرکردنی ئابووری دابێت، ئەوا ناکرێت سازش لەسەر ئەم بەرنامەیە بکات، بەڵکو دەتوانێت لە سەر بوارەکانی دیکە سازش بکات، وەك ئەو داراییەی بۆ بواری پەروەردە دابین دەکرێت، یان لە بواری چالاکی سەربازیدا، بەڵام نابێت بەشێکی سەرەکی بەرنامەکە بێت، لەبەر ئەوە دەبێت سەرکردە سیاسییەکان ئەوە بزانن کە بەرنامە سەرەکیە هەرە گرنگەکە چیە کە ناتوانن سازشی لەسەر بکەن، و ئینجا ئامادە بێت بۆ سازشکردن لەسەر بوارەکانی دیکە)).

ئەوەی پرۆفیسۆر پیتەر وایلهاوەر ئاماژەی پێکرد، ئەوا بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان کاتێك دەکەوێتە وتووێژ، لەسەر بنەمای ئەو بەرنامەیە وتووێژ دەکات کە لە پرۆسەی هەڵبژاردن بانگێشەی بۆ کردووە، دیاریشە تەوەری سەرەکی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو دروشمی (پێکەوە بەرەو کوردستانێکی گەشترە) ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو ئەو حزبە سیاسییانەی هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی گرێدەدەن بۆ پێکهێنانی حکومەت دەبێت لە خاڵی سەرەکی ئەم بەرنامەیە تێبگەن کە هەموو پێکەوە بەرەو کوردستانێکی

گەشتر هەنگاو هەڵبگرێت و گومانیش لەوەدا نییە کە مانای هەنگاو هەڵگرتن بەرەو کوردستانێکی گەشتر هەموو لایەنەکانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، بە تایبەتی لەسەر ئاستی سیاسیی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵێنی بە دەنگدەرانی داوە، قۆناخێکی دیکە لەبواری مافی چارەنووس بچینە پێشەوە و ئەو قۆناخەش وەك ئەمری واقیع بچەسپێنرێت، بۆیە وەك پسپۆڕانی زانستی سیاسەت و تایبەتمەند لەم بوارە ئاماژەی پێدەکەن، لەوانەیە هەندێك لایەنی سیاسیی کە بەرنامەکەیان لەگەڵ پارتی یەکناگرێتەوە، یان پێشتر خۆیان بەرنامەیان نەبووە کاریان لەسەر ناشرینکردنی پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، نەتوانن بە ئاسانی لەگەڵ بەرنامەی هاوبەشی نیشتمانی ساز و گونجاو بن، یان کۆتایی بەو ئایدۆلۆژیەتە حزبییە بێنن و هەنگاو بۆ ناو پرۆسەیەکی دیکەی نیشتمانی هاوبەش هەڵبگرن، بۆیە لەگەڵ ئەوەشی بەڵێنیان بە دەنگدەرەکانیان داوە بەشداری حکومەت بکەن، بەڵام ئێستا نەتوانن بەشداری بکەن و مەرجی تەعجیزی بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی نیشتمانی دابنێن، لەم حاڵەتەدا گرنگە ئەو لایەنانە بەو راستییە هۆشیار بن، بەوەی دەتوانن مەرجی تەعجیزیش دابنێن و لە پرۆسەی حکومڕانی هەر بەشدار بن و بەشداری حکومەت نەکەن و وەك ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابی چاودێری ئەو هاوپەیمانیەی زۆرینە بکەن، کە حکومەت پێکدەهێنێت. سەبارەت بەم لایەنە پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر رۆبەرت سی لاوری ئوستادی زانستی سیاسەت و ئابووری سیاسی لە زانکۆی تەکساس کرد و ئەو لەوەڵامدا پێی راگەیاندین مەرج نییە لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت هەموو جار هاوپەیمانی فراوان پێکبهێنرێت و لە درێژەی لێدوانەکەیدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی:(من دەڵێم مەرج نییە پێکهێنانی هاوپەیمانیەکی گەورە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فروان بەشێك بێت لە هەموو کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی، بەڵکو ئەمە بە رادەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر بونیادەکە، ئەگەر سیستەمی پەرلەمانیت هەبوو کە دوو حزب هەن، وەك بەریتانیا، -ئەوا هەر کاتێك حزبێك براوە بوو-، ئەوا زۆرینە بەدەست دەهێنێت و ئیتر پێویستی بەوە نییە سازش بکات، ئەگەر سیستەمەکە بەو جۆرە بوو کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەبوو و پارتە جیاوازەکان کۆنترۆڵی بەشە جیاوازەکانی حکومەت دەکەن، ئەوا پێویستت بەم کەلتورە دەبێت، لەبەر ئەوەی بارودۆخێکی هاوشێوەی بارودۆخی ئێستات دەبێت. بەڵام ئەگەر حکومەتێکی -سیستمێکی- پەرلەمانیت هەبوو(کە زۆرینەی سیستەمە پەرلەمانیەکان بەم شێوەیەن) ئەوا تۆ پێویستت بە سازش هەیە، لەبەر ئەوەی تاکە حزبێك ناتوانێت بەتەنیا حکومەت پێکبهێنێت، کەواتە بۆ ئەوەی پێکەوە گونجان دروست بێت، لەم حاڵەتەدا بەلای کەمەوە پێویستت بە دوو شتە، یەکەمیان بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاك، پێویستت بە گروپێك لە دەرەوەی حکومەت بێت و پێکەوە کاربکەن، یاخود بەلای کەمەوە پەرە بە نەریتی پێکەوەکارکردن بدەن، چونکە ئەگەر تۆ لە بوارە ناسیاسییەکاندا پێکەوە کاربکەیت، ئەوا رەنگە بتوانیت لە بواری سیاسیدا سازش بکەیت. مەسەلەی دووەم بریتییە لە سەروەری یاسا، کە نابێت زۆرینە- زۆرینەی کاتی- کەمینە سەرکوت بکات و ئەمەش ناچاریان دەکات تا رادەیەك سازش بکەن)).

ئەوەی لەم دوو بۆچوونە جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەوەیە، کە هیچ پسپۆڕێکی سیاسیی شێوازی پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوانی نیشتمانی رەتناکاتەوە، بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی وەکو کوردستان کە لە زۆربەی پرسەکاندا لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە پێویستی بە کۆدەنگی هەموو لایەنە سیاسییەکان هەیە، بەڵام هەموو پسپۆڕانیش لەسەر ئەو بۆچوونە کۆکن، کە بۆ وڵاتێك تیایدا زۆرینە و کەمینە، زۆرینەو کەمینەی کاتی بن و ئەگەر جێ گۆڕکێیان هەبێت، ئەوا بەتەنیا حکومەتی بنکە فراوانی نیشتمانی تەنیا رێگە نییە، لەبەر ئەوەی دەکرێت حزبە سیاسییەکان هەم رێکبکەون و هەمیش دەکرێت لەبەر بەرژەوەندی حزبیان رێکنەکەون و لە ئۆپۆزسیۆن بمێننەوە، بەمەش هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت، بەپێچەوانەوە پرۆسە دیموکراتیەکە باشتر رەگ دادەکوتێت، بەڵام بۆ وڵاتێکی وەکو عێراق کە کەمینە و زۆرینە، کەمینە و زۆرینەی نەتەوەیی و مەزهەبین، ئەوا ئەم حاڵەتە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت و هیچ لایەکی کەمینەش ناتوانێت تەنها لەپێناوی بونیادی دیموکراتی، سازش لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەیی و مەزهەبیەکانی خۆی بکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا حکومەتی زۆرینەو کەمینە وڵات بەرەو دابەشبوون دەبات و هیچ لایەك ناتوانێت سازش یان کۆمپرۆمایز لە سەر پرسە سەرەکیەکانی خۆی بکات، بەڵام لە وڵاتێکدا کە ئەم حاڵەتە بوونی نەبوو، زۆرینەو کەمینە، زۆرینەو کەمینەی کاتی بوو، ئەوا سازشکردن لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا کارێکی هێندە قورس نابێت.

**حکومەتی زۆرینەو کەمینە وڵات بەرەو دابەشبوون دەبات و هیچ لایەک ناتوانێت سازش یان کۆمپرۆمایز لە سەر پرسە سەرەکیەکانی خۆی بکات، بەڵام لە وڵاتێکدا کە ئەم حاڵەتە بوونی نەبوو، زۆرینەو کەمینە، زۆرینەو کەمینەی کاتی بوو، ئەوا سازشکردن لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا کارێکی هێندە قورس نابێت**

### ئەلیکسندەر تریچل بۆ گوڵان:

# ئەو حزبە سیاسیانەی تا دوا رادە توندن و ناتوانن سازش بکەن بۆ هاوپەیمانی، باشترە لە ئۆپۆزسیۆن بمێننەوە و بەشداری حکومەت نەکەن

**پرۆفیسۆر ئەلیکسەندەر تریچل سەرۆکی بەشی سیسرایە بۆ فیدرالیزم و دیموکراتی لە (European University Institute) لە فلۆرەنسا و هەروەها ئوستادی زانستی سیاسەتیشە لە هەمان زانکۆ، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی دروستکردنی هاوپەیمانی دوای پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی چالاک و بەهێز، گوڵان هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ پرۆفیسۆر ئەلسکەندەر تریچل ئەنجامداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** لە زۆربەی دیموکراسیەکاندا، سیستمی فرەحزبی هەیە، کەزۆرجار دوو پارتی سیاسی بەهێز بونیان نییە، و زۆربەی کات پارتێك بە تەنیا ناتوانێت دەنگی پێویست بهێنێت بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێت، بۆیە ناچار دەبێت هاوپەیمانێتی پێکبهێنرێت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك سازش پێویستە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی چالاك؟**

- بە دڵنیاییەوە بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتیەکی سەقامگیرت هەبێت، دەبێت توانای هێنانەدی سازشێکت هەبێت کە لەلایەن لایەنەکانی هاوپەیمانێتیەکەوە قبوڵ بکرێت، لە بنەڕەتدا و لە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا جۆری سازشەکە ژیانی هاوپەیمانێتیەکە دیاری دەکات، تاوەکو سازشەکە بەفراوانتر بێت و تاوەکو زیاتر لەلایەن لایەنە جیاوازەکانی نێو هاوپەیمانێتیەکەوە قبوڵبکرێت، ئەوا ئەگەری کارابوونی هاوپەیمانێتیەکە زیاتر دەبێت لە حکومڕانیدا و لە هێنانەدی ئەگەری سەقامگیریدا.

*** لە کاتی پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانێتیدا، پێویست دەکات پارتە هاوبەشەکان بەرنامەیەکی هاوبەشیان هەبێت بۆ کابینە نوێیەکە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانرێت لە نێو پارتە سیاسییە جیاوازەکاندا بەرنامەیەکی هاوبەش دابڕێژرێت، ئەمە لە کاتێکدا هەر پارتێك لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بانگەشەی بۆ بەرنامەیەکی جیاواز کردووە؟**

- هەندێ جار پێکهێنانی هاوپەیمانێتی کاتێکی زۆری دەوێت و پێویستی بە گفتوگۆی پێشوەختی لایەنە بەشداربووەکان دەبێت و هەندێ جاریش سەرکەوتوو نابێت و رووناکی نابینێت، هەربۆیە کاتێك پارتەکان روودەکەنە یەکتر و ئەوە بە یەك رادەگەیەنن کە ئێمە ئەم بەڵێن و ئەو بەڵێنەمان بە خەڵکی داوە ئەگەر زۆرینە بەدەست بهێنین، بەڵام ئێستا کە زۆرینەمان نەهێناوە، ئەوا دەبێت کار بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکە و بەرژەوەندی پارتەکەمان بکەین و دەبێت قوربانی بدەین و سازش لەو ئامانجانە بکەین کە لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەرزمان کردبوونەوە بۆ ئەوەی بەشداری لە حکومەتەکەدا بکەین. هەندێ لە پارتەکان تا دوا رادە توندن و رایدەگەیەنن کە ئێمە هیچ سازشێك ناکەین و ئەوەی ئێمە لەگەڵ دەنگدەراندا هەمانبووە وەك گرێبەستێك وایە و هەرچیەك لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە رووبدات- واتە دەرئەنجامەکانی هەرچیەك بن- ئەوا ئێمە بەڵێنەکانی خۆمان ناگۆڕین، لە حاڵەتی لەم شێوەیەدا پارتەکان ناتوانن هاوپەیمانێتی پێکبهێنن و لە دەرەوەی حکومەتدا دەمێننەوە و دەبنە موعارەزە.

*** بێگومان دەکرێت لە یەك کاتدا حکومەتێکی هاوپەیمانێتی پێکبهێنرێت و ئۆپۆزسیۆنیش بوونی هەبێت و چاودێری بەرنامەی هاوبەشی حکومەتەکە بکات، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن هاوپەیمانی فەرمانڕەوا لەم کاتەدا دەتوانێت بە شێوەیەکی گونجاو حکومەت بەڕێوە ببات؟**

- لە دیموکراسیدا یان فرەحزبی هەیە، یان سیستمی دووحزبی سیاسی هەن، کە لەمەی دواییاندا هەمیشە حزبێك حکومڕان و حزبێکی دیکە موعارەزەیە، لە سیستمی فرە حزبیشدا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پارتێك یان چەند پارتێك بەرپرسیارێتی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان لە ئەستۆیە و لە هاوپەیمانێتیدان، و هەندێ پارتیش لە دەرەوەی دەسەڵات دەمێننەوە. لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا هاوپەیمانێتیەك



پێکدەهێنرێت کە سەرجەم پارتەکان لە خۆبگرێت، کە ئەمە لە هەندێ کانتۆنی سویسرادا روودەدات کە سەرجەم پارتەکان بەشداری لە حکومەتدا دەکەن و ئەندامیان هەیە تێیدا، واتە حکومەت لە سەدا سەد نوێنەرایەتی پەرلەمان دەکات و موعارەزە بوونی نییە، ئەمەش زۆر دەگمەنە، عادەتەن تۆ ئەو پارتانەت هەیە کە لە موعارەزەدان و رەخنە لە هاوپەیمانێتیەکە دەگرن و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت دەدەن، حاڵی حازر ئەمە لە ئیتاڵیادا دەبینین، کە حکومەتێکی هاوپەیمانێتی هەیە و ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزیش هەیە کە شەڕی حکومەتەکە دەکات.

*** هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە باشترە لە قۆناغی ئینتیقالیدا حکومەتی هاوپەیمانێتی پێکبهێنرێت کە هەموو پارتە سیاسیەکان تێیدا بەشدار بن و ئۆپۆزسیۆن بوونی نەبێت، ئایا ئەمە رێگاچارەیەکی عەمەلی و ئایا دیموکراسی بێ بوونی ئۆپۆزسیۆن دێتە ئاراوە؟**

- من دڵنیانیم لەوەی کە لە قۆناخی ئینتیقالیدا پێویستە حکومەتی بنکە فراوان پێکبهێنرێت، بەڵام واباوە لە کاتی قەیرانەکاندا حکومەتی بنکە فراوانی نیشتمانی، یان حکومەتی یەکێتی نیشتمانی دروست دەکرێت، بۆنموونە لە کاتی جەنگدا پارتەکان رایدەگەیەنن کە چیتر شەڕی یەکتر ناکەن و هەموو هێزیان دەخەنە خزمەتی وڵاتەکەوە و بۆ شەڕکردن دژی ئەو کەسانەی هاتوونەتە وڵاتەکەوە، بەڵام هەر کاتێك ئاشتی گەڕایەوە بۆ وڵاتەکە و دۆخەکەی پێشوو دەگەڕێتەوە لە نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆندا. ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتە تازەگەشەکردووەکانەوە هەبێت، ئەوا من هیچ دیراسەتێکم نەبینیوە کە بڵێت پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەك کە سەرجەم لایەنەکان لە خۆبگرێت، بە زەرورەت کارێکی باش و سەرکەوتووە و رەنگە باشتر بێت.

*** لە قۆناغی راگوزەریدا ژێرخانی دەوڵەت پێویستی بە دووبارە بنیاتنانەوە هەیە، ئەمەش پێویستی بە توانا و سەرچاوەی گەورە هەیە کە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان و لە سەرەتای پرۆسەی پەرەپێدانی دیموکراسیدا بوونی نییە، ئایا نەبوونی سەرچاوەی پێویست نابێتە هۆی ئەوەی موعارەزە شکست بە حزبی فەرمانڕەوا و بە بەرنامەی حکومەتی دەسەڵاتدار بهێنێت؟**

- من ئەم حاڵەتە بە حاڵەتێکی تەندروست دەزانم هەر بۆ نموونە بوونی دۆخێکی دژواری ئابووری دەرفەتێکی باشە بۆ ئۆپۆزسیۆن، بە دڵنیاییەوە، لە زۆربەی کاتدا کاتێك قەیرانێکی ئابووری دێتەئاراوە پێویست بە گۆڕینی حکومەت دەکات، لەبەر ئەوەی وا سەیر دەکرێت ئەو حکومەتەی لە دەسەڵاتدایە چارەسەری قەیرانەکە ناکات و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ستراتیجیەتێکی سەرکەوتووە بۆ ئۆپۆزسیۆن کە پرسی هەلومەرجی خراپی ئابووری و بنیاتنانی ژێرخان و هتد بوروژێنێت لە ئاست حکومەتدا. ئەگەرچی ئەمە هەمیشە سەرکەوتوو نابێت، هەروەك ئەوەی لە دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئۆبامادا بینیمان لە ئەمریکا، کە ئەگەرچی دۆخی ئابووری زۆر باش نەبوو، بەڵام بەلای زۆرینەی دەنگدەرانەوە ئۆباما لە هەر کەسێکی دیکە باشتر توانای رووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشانەی هەبوو..... بە گشتی ئەگەر هەلومەرجێکی خراپی ئابووری بوونی هەبێت، ئەوا ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا سەرکەوتوو دەبێت.

**لە سیستمی فرە حزبیشدا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پارتێک یان چەند پارتێک بەرپرسیارێتی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان لە ئەستۆیە و لە هاوپەیمانێتیدان، و هەندێ پارتیش لە دەرەوەی دەسەڵات دەمێننەوە**

**بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتیەکی سەقامگیرت هەبێت، دەبێت توانای هێنانەدی سازشێکت هەبێت کە لەلایەن لایەنەکانی هاوپەیمانێتیەکەوە قبوڵ بکرێت**

**هەندێ جار پێکهێنانی هاوپەیمانێتی کاتێکی زۆری دەوێت و پێویستی بە گفتوگۆی پێشوەختی لایەنە بەشداربووەکان دەبێت و هەندێ جاریش سەرکەوتوو نابێت و رووناکی نابینێت**



تیم بوس بۆ گوڵان:

# سیاسەتی ڕق و توندوتیژی، بونیادی نۆرم و ڕەفتارە دیموکراسیەکان قورس دەکەن و ڕیزبەندی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان دەشێوێنێت

**پرۆفیسۆر تیم بوس ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی دۆك (Duke) و گەورە تۆژەرە لە سەنتەری کینان بۆ ئاکار، بۆ قسەکردن لەسەر کەڵچەری کۆمپرۆمایز وەك بنەمایەکی سەرەکی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و گرنگی ئەم کەلتورە بۆ یەکتری قبوڵکردن و پێکەوە کارکردن و ڕەتکردنەوەی سیاسەتی ڕق و کینە و دابەشکردنی قوڵی ناو کۆمەڵگە و لەبەر چاونەگرتنی بەرژەوەندییەکان، لە ئاخاوتنێکی تایبەتدا گوڵان چەند پرسیارێکی لەمبارەوە ئاراستەی پرۆفیسۆر تیم بوس کرد و بەمجۆرە وەڵامی داینەوە.**

*** سازشکردن سیمبولی سەرەکی کۆمەڵگەی دیموکراتیە، لەبەر ئەوەی ئەگەر سازشکردن هەبوو، ئەوا گفتوگۆ دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و تێگەیشتن لە نێو لایەنە سیاسییەکاندا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت پەرە بە کەلتوری سازشکردن بدرێت لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا؟**

- بوونی ئیرادەیەك بۆ سازشکردن زۆر گرنگە بۆ ئەوەی دیموکراسی سەرکەوتوو بێت، بەڵام مەرج نییە ئەمە دیاریکەر و پێناسەکەری دیموکراسی بێت. بەو شێوەیەی من تێیدەگەم، دیموکراسی شێوازێکە بۆ دەرکردنی بڕیاری دەستەجەمعی کە تێیدا (بە شێوەیەکی نموونەیی) هەموو ئەوانەی دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو بڕیارانەوە ڕۆڵیان دەبێت و بەلای کەمەوە زۆرینەی پشتیوانی دوا بڕیارەکە دەکەن. بۆ ئەوەی دیموکراسی نەخزێتە گێژاوی «دیکتاتۆریەتی زۆرینە»، ئەوا دەبێت هەندێك مافی بنەڕەتی بە چەشنێك بپارێزرێن کە بکەونە دەرەوەی مەودای بڕیارەکانی زۆرینەوە، هەروەها دەرفەتەکانی ڕاوێژکردن بڕەخسێنرێت بە چەشنێك ئەوانەی لە سەرەتادا لە کەمینەدابوون- لە ئاست پرسێکدا- بتوانن قەناعەت بە کەسانێك بکەن کە لە سەرەتادا لە زۆرینەدا بوون و بەو پێیە دەرئەنجامەکە بگۆڕن. بەڵام ڕەنگە گرنگترین شتێك کە بوونی هەبێت ئەوەیە کە زانایانی کۆمەڵناس لە دوای دی تۆکفیل پێی دەڵێن «cross-cutting cleavages» واتە ڕیزبەندیەکی فرەلایەنی بەرژەوەندیەکان لە نێو ئەو خەڵکانەدا کە حکومڕانیەکی دیموکراسی دەکرێن، بەو پێیە ئەو کەسانەی لە ئاست پرسێکدا لە بەرەی کەمینەدان نابێت چاوەڕوانی ئەوەیان لێبکرێت لە تێکڕای پرسەکاندا هەر لە بەرەی کەمینەدابن.

ئێمە ناتوانین خۆمان لە ناکۆکبوونی بەرژەوەندیەکان لابدەین. لە کاتێکدا سەرکردە سیاسییە باشەکان بە شێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر دەستکەوتە هاوبەشەکان دەکەنەوە کە بەدەستهاتوون، تەنانەت ئەو کاتەش کە بڕیارێك دەبێتەهۆی ئەوەی لایەنی براوە و دۆڕاو دەربکەوێت- هەروەها سەرکردەی دیموکراتی باش پشت ئەستوور بە زۆرینەیەکی بەرفراوان حکومڕانی دەکەن، نەك هەر تەنیا زۆرینەیەك بێت و بەس- - بە زەرورەت سیاسەت بڕیاردانی قورس و مشتومڕهەڵگر لە خۆدەگرێت. دیموکراسی لە توانایدا نییە ئەو ناکۆکیە حەتمیانە بگۆڕێت بە هارمۆنی. بەڵکو تەنیا میکانیزمێك بۆ دەرکردنی بڕیاری پابەندکارە تەنانەت لە بارەی پرسە مشتومڕهەڵگر و ناکۆکی هەڵگرەکانیشەوە. بوونی ربزبەندی فرەلایەنی بەرژەوەندیەکان لە نێو ئەو خەڵکانەی بە شێوەیەکی دیموکراسی حکومڕانی دەکرێن دەبێتە هۆی ئەوەی بڕیارەکان ئاساییتر قبوڵبکرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە «دۆڕاو»ن ( ئەوانەی لە ئاست پرسێکی دیاریکراودا کەمینەن)، ئەویش بە کەمکردنەوەی ئەگەری ئەوەی قبوڵکردنی بڕیاری زۆرینە نابێتەهۆی ئەوەی کەمینە بگۆڕێت بۆ کەمینەیەکی هەمیشەیی.

*** لە وڵاتانی تازەگەشـــەکردو، بەتایبەتی لە ســـەرەتای پرۆســـەی بە دیموکراتیکـــردن، لەبری بوونـــی کەلتوری سازشـــکردن، کەلتـــوری رق و توندوتیـــژی هەیە لە نێو لایەنەکاندا، واتـــە کۆمەڵگە بۆ دوو بەرە دابەش دەکەن کە شەڕ لەگەڵ یەکدەکەن و پێکەوە ناگونجێن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانرێت پەرە بە دیموکراسی بدرێت لە کەشێکدا کە پارتە سیاسییەکان وەك دوژمن سەیری یەکتری بکەن؟**

- ســـەرەتا با خاڵێکی ســـەرەتایی باس بکەم پێش ئەوەی وەڵامی پرســـیارە بنەڕەتیەکەتان بدەمەوە: ئەوە راســـتە کە پرســـیارەکەی ئێوە ئەوە لە خۆدەگرێت کـــە هێنانەدی یان پاراســـتنی دیموکراســـی لە وڵاتە تازەگەشـــەکردووەکاندا کارێکی قورســـە. هەروەها بە دڵنیاییەوە ئەوە راســـتە کە پەیوەندییەکـــی ئیجابـــی هەیـــە لە نێوان دیموکراســـی و تێکـــڕای داهاتی نەتەوەیی وڵاتەکـــە GDP (یاخود هەر پێوەرێکی دیکەی گەشەی ئابووری). بەڵام مەرج نییە کە وڵاتێك تازەگەشـــەکردو بوو، ئیدی هەر دەبێت دابەشبوونی کۆمەڵایەتی قوڵ یان توندوتیژی تێدابێت، کە بە دڵنیاییەوە ئەمانە بەربەست دەخەنە بەردەم دیموکراسی. چونکە دەکرێت دیموکراســـی لە وڵاتە هەژارەکانیشـــدا رەگ و ریشـــەی خۆی بچەســـپێنێت و چەسپاندوشیەتی. بە دڵنیاییەوە رق و توندوتیژی و دابەشبوونی قوڵ کە ئێوە باسیان دەکەن هێنانە ئارای نۆرم و رەفتارە دیموکراسیەکان قورس دەکەن- دەقا و دەق لەبەر ئەوەی مەترسی دروستبوونی تاقە دابەشبوونێکی قوڵ لـــە خۆدەگرێت کە زاڵبێت بەســـەر هەموو ریزبەندی و بەرژەوەندیەکانی دیکەدا، بەڵام زۆرێك لە دیموکراســـیە دێریـــن- و دامەزراوەکانی- ئـــەم رۆژگارە، وەك ئەمریکا و فەڕەنســـا و ئەڵمانیای دوای جەنگـــی جیهانی دووەم، مێژووی دابەشـــبوونی قووڵ و یان توندوتیژی سیاســـیان هەبوو پێش ئەوەی دیموکراسی لە وڵاتەکانیاندا دابمەزرێنن. لە هەموو ئەم وڵاتانەدا، لە کۆتاییدا دیموکراسی سەقامگیر بوو ریشـــەی قوڵی خۆی چەسپاند، ئەویش بەهۆی ئەوەی لە نێو خەڵکەوە بنیاتنرا، کە تەنیا بۆ سیستمێك گونجاوە کە شـــێوازی بڕیاردەرکردن تێیدا شێوازی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت (بە پێچەوانەی ســـەپاندنی بڕیار لە سەرەوە). دەکرێت شـــێوازی بڕیاردانی زۆرینە بهێنرێتە ئاراوە، بۆ نموونە لە شـــوێنی کاردا، لە دەستەیەکی مەحەلیدا کە تێیدا بڕیاری دابەشـــکردنی ئاو بـــدات، هەروەها لە نێو دراوســـێکاندا و لەڕێی ئەنجومەنی تایبەت بـــە خۆیانەوە، لە قوتابخانە و لە نێو باوانـــی مناڵەکان و لە قوتابخانـــە مەحەلیەکاندا- لەو شـــوێنانەی دیکە کە جیاوازیـــە پەیوەندیدارەکان و ئەو ناکۆکیانـــەی لە «سیاســـەت»ی پیادەکردنەوە دەکەونەوە، ئەگەری ئەوەیان نییە کە بگونجێن لەگەڵ بوونی درزێکی زاڵ کە کۆمەڵگەکە دابەش بکات.

*** زۆرجار کە هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت لە کۆمەڵگەیەکدا کـــە رق و توندوتیژی هەیە لە نێو پارتە سیاســـییەکاندا، ئـــەوا لایەنی دۆڕاو بە ئەنجامەکان رازی نابێت و لە کاتی راگەیاندنی ئەنجامەکانیشدا پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، ئایا زیانەکانی رەتکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چین و چ مەترسیەکی لێدەکەوێتەوە؟**

- رەتکردنـــەوەی بڕیاری دەســـتەجەمعی- و دەرئەنجامی هەڵبژاردن- لە حاڵەتی بوونی دیموکراسیەتی نوێنەرایەتیدا- پەیوەستە بە جەوهەری سیستمی دیموکراسی حکومەتەوە. کە لە کۆتاییدا دەبێتەهۆی لە ناوبردنی سیستمی دیموکراتی بڕیـــاردان- - ئەگەرچی ئـــەو بڕیارە دیموکراســـیانە ئەو خەسڵەتانەشـــیان تێدا نەبێت کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، رەنگە رەتکردنەوەی ئەنجامی- هەڵبژاردن- نیشانەیەك بێت زیاتر لەوەی هۆکاری راســـتەقینە بێت بۆ هەرەســـهێنانی حکومڕانیە دیموکراسیەکە.

*** ئەگەرچی دیموکراســـی دیاردەیەکی فەلسەفیە، بەڵام لەڕێـــی بـــە دامەزراوەییکردنی سیســـتمەکەوە جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر ئازادی بەرهەمی دیموکراســـی بێت، ئەوا لەڕووی عەمەلیەوە ئازادی رێکخراوە، کەواتە چۆن ئازادی لە چوارچێوەی دیموکراســـیدا لەڕێی ســـەروەری یاسا و دامەزراوەکانەوە دەپارێزرێت؟**

- دامەزراوەکان ناتوانن زەمانەتی دیموکراسی بکەن، بەڵام رۆڵێکی پشتیوانی زۆر گرنگ دەبینن. بۆ نموونە بە زۆری و بە شـــێوەیەکی بنەڕەتی کەمینـــەکان لەڕێی ئەحکامە دەســـتووریەکانەوە دەســـتەبەر دەکرێن کە ئەم ئەحکامانەش مافـــە بنەڕەتیەکان دیاری دەکەن- ئـــەو مافانەی قابیلی هەڵوەشاندەنەوە نین، نە لەلایەن بڕیاری سیاسی زۆرینەوە و نە بەهۆی گرێبەستە تایبەتیەکانەوە.

*** لە دیموکراسیدا پێویســـتت بە دامەزراوەی بەهێز هەیە، بـــەڵام هەندێ جار دامەزراوە هـــەن کەچی لاوازن، بوونی دامەزراوەی بێهێز لە وڵاتە تازەگەشکردووەکاندا دیموکراسی کورتکردۆتەوە بۆ ســـندوقی دەنگدان، بۆچی لەم وڵاتانەدا هەڵبـــژاردن ئەنجام دەدرێت، بەڵام دیموکراســـی بەدەســـت نایەت؟**

- هەڵبژاردنـــەکان توخمێکـــی پێویســـت و گرنگـــن بۆ دیموکراســـیەتی نوێنەرایەتـــی، بـــەڵام هەڵبژاردنە رەوا و ئـــازادەکان- تەنیـــا وەك مەرجێکی پێویســـت دەمێننەوە و بە تەنیا بەس نین. بە شـــێوەیەکی بەراوردکاری ئاســـانتر چاودێری دەکرێن و خاســـیەتێکی رەمزی بەرزیان هەیە. لە دەرئەنجامدا، پاڵنەری بەهێز هەیە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن (تەنانەت بۆ نوخبە سیاسییەکان کە پابەندبوونێکی کەمیان بە دیموکراســـیەوە هەیە) بەڵام پتر لـــەوە نارۆن، هەروەها دەمەوێت جەخت لەســـەر ئەوە بکەمـــەوە کە من زۆر دژی ئـــەوەم دیموکراســـیەتی نوێنەرایەتـــی تەنیـــا لە فۆرمی بڕیاردانی دیموکراســـیدا کورت بکرێتەوە- - لەسەر ئاستی گشـــتی رەنگە تاکە فۆرمی بەکەڵك، کە تەنانەت ئەمەش دەبێت هاوشان بێت و پێشتر بە شێوەی نموونەیی فۆرمێکی راســـتەوخۆتری بڕیاردانـــی دیموکراتیانە بوونی هەبێت بۆ پتەوکردنی نۆرم و رەفتارە دیموکراتیەکان.

**بوونی ئیرادەیەک بۆ سازشکردن زۆر گرنگە بۆ ئەوەی دیموکراسی سەرکەوتوو بێت، بەڵام مەرج نییە ئەمە دیاریکەر و پێناسەکەری دیموکراسی بێت**

**مەرج نییە کە وڵاتێک تازەگەشەکردو بوو، ئیدی هەر دەبێت دابەشبوونی کۆمەڵایەتی قوڵ یان توندوتیژی تێدابێت، کە بە دڵنیاییەوە ئەمانە بەربەست دەخەنە بەردەم دیموکراسی**



# ڕێساکانی دانوستانی سەرکەوتوو بۆ ڕێککەوتن



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

دکتۆر (ڕۆجەر فیشـــەر)ی خاوەنی کتێبی بەناوبانگی (گەیشـــتن بـــە بەڵـــێ) (Getting to Yes) کە بەهاوبەشیی لەگەڵ (ویلیام ئۆری) هاوکاری وانەبێژیدا لە زانکۆی (هارڤارد) نووســـیویەتی و، بە ڕێســـاکانی هارڤـــارد ناســـراوە لەبواری دانوســـتاندا، تیایدا جەخت لەسەر(٥) تەوەری سەرەکیی دەکات کە زۆرجار مشتومڕە توندەکان و موجادەلە ئاڵۆزەکان دەگەیەننە ئەنجامێك کە هەردوولا یان هەمووان پێی ڕازیی دەبن.

ئەم ڕیسا پێنج تەوەرەییە لەدانوستانەکانی ئاشتیی نێوان میسر و ئیسرائیل لە (کامپ دیڤید) لە ساڵی (١٩٧٨) دا سەرکەوتووانە بەئەنجام گەیشت.

هەروەها سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەدانوستانی ئازادکردنی بارمتە گیراوەکانی ئەمریکا لە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەیاندا لە(تـــاران)ی پایتەختی ئێران لەســـەرەتای شۆڕشـــی ئێراندا.

هەروەها لەدانوســـتانەکانی نێوان (ئێکوادۆر) و(پیرۆ)و، هەندێك لەوڵاتەکانی باشووری ئەمریکاشدا سەرکەوتوو بـــووە، هەروەکو ســـەرۆکی (ئیکوادۆر) لـــە زانکۆی (هارڤارد) لە سیمینارێکدا ئاماژەی بۆ کردووە لەبارەی هونەری دانوستان و ڕازیکردندا.

کورتەی کتێبەکە پێمان دەڵێت: لەئەنجامی بەریەککەوتنی زیاتری نێـــوان مرۆڤەکان، کۆمەڵگـــەکان، دەوڵەتەکان، ئێستا ژمارەی کێشـــەکان لەزیادبووندان، بۆیە پێویستە بەقەد ژمارەی کێشەکان ڕێگەچارە بدۆزینەوە.

پێمان دەڵێت: ئەگەر چـــی ڕووداوەکان ئازار بەخش بن،



نابێت ئێمە بەخەم و خۆئازاردان و خۆوابەستەکردن بەڕابردووەوە پێشوازییان لێ بکەین، بەڵکو پێویستە بەگیانی دۆزینەوەی چارەسەرو کاری ئیجابیی و ئایندە بینییەوە رووبەڕوویان ببینەوە.

ئەم پێنج تەوەرەی دانوستانی سەرکەوتووی دکتۆر (رۆجەر فیشەر) بریتین لە:

**تەوەری یەکەم:**

پێویستە جیاوازیی بکرێت لەنێوان (کەسەکان) و(کەیسەکان)دا واتە: ئەوەی پێویستە لەدانوستاندا رەچاو بکرێت ئەوەیە کە ئێمە بمانەوێت کەیسەکە یان کێشەکە چارەسەر بکەین، با کەسەکە هەر کەسێك بێت و، هەڵوێستیشمان بەرامبەری هەر چۆنێك بێت لە ئێستاو لە رابردوودا.

بەمانایەکی دی پێویستە لەگەڵ کەسەکان نەرم بین لەگەڵ کێشەکان توند بین، نەك بەپێچەوانەوە لەگەڵ کەسەکان توند بین و، لەگەڵ کێشەکان نەرم بین.

**تەوەری دووەم:**

چڕکردنەوەی بیرکردنەوەمان لەسەر بازنەی بایەخپێدانە هاوبەشەکانمان، نەك لەسەر هەڵوێستی ئێستاو ئەم ساتەمان لەسەر کەیسەکەو لەسەر یەکدی.

هەروەها نابێت خۆمان بەخاڵێکی لاوەکی کێشەکەوە ببەستینەوەو بیکەینە کێشە سەرەکییەکە، چونکە لە هەموو کێشەیەکی سەرەکیدا کۆمەڵێك کێشەی لاوەکی هەن، ئەگەر هاتوو هەر لایەك لەدەووری کێشە لاوەکییەکەدا بخولێتەوە، ئەوسا چارەسەر بۆ کێشە لاوەکییەکان دەدۆزرێتەوە نەك بۆ کێشە سەرەکییەکە.

هەر ئەم تەوەرەش فێرمان دەکات کە کار لەسەر ئەوە بکەین لەنێوان وێنە جیاوازەکاندا خاڵی هاوبەش و لەیەکچوو بدۆزینەوە، نەك لە نێوان وێنە لەیەکچووەکاندا خاڵی جیاواز و دژ بە یەکتر بدۆزینەوە.

**تەوەرەی سێیەم:**

پێویستە رێگەچارەی وا بۆ یەکدی پێشنیاز بکەین کە سوودی هاوبەشی تێدا بێت، نەك کاردانەوەمان بەرامبەر کاری ئەو بە چارەسەر بزانین، چونکە زۆرێك لە کێشەکانی ئەمڕۆ بریتین لە کەڵەکەبوونی کاردانەوەکانی دوێنێ بەرامبەر بەڕووداوەکانی دوێنێ، بۆیە ئێمە لەدانوستاندا دەبێت رێگەچارە بخەینەڕوو، نەك بەکاردانەوەمان رووبەڕووی کاری بەرامبەر ببینەوە.

**تەوەری چوارەم:**


گرنگیی بەکارهێنانی پێوەرە بابەتییەکان و، نزیکبوونەوە لە ئەسڵی (کەیسەکان)و، دوورکەوتنەوە لەمیزاجی (کەسەکان) لەپێناوی پاراستنی پێگەی کەسایەتییەکان.

**تەوەری پێنجەم:**

هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی زیاد لە پلانێك نەك خۆبەستنەوە بەیەك ئەگەر، واتە پێویستە لەنێو هەر دانوستانێکدا ئەڵتەرناتیڤەکانمان ئامادە کردبێت، واتە بزانین لای کەمی ئەوەی پێی رازیی دەبین چین؟ ئەوەش بزانین کەلای زۆری ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەین چین؟

**زۆرێک لە کێشەکانی ئەمڕۆ بریتین لە کەڵەکەبوونی کاردانەوەکانی دوێنێ بەرامبەر بەڕووداوەکانی دوێنێ، بۆیە ئێمە لەدانووستاندا دەبێت رێگەچارە بخەینەڕوو، نەک بەکاردانەوەمان رووبەڕووی کاری بەرامبەر ببینەوە**

# زبریی متمانەڕێژی



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گولآن نەینووسێت

مێژووی نەریتیانەی فەلسەفە وای راهێناوین، لە مەیلگەلی متمانەڕێژ و هزری دۆگما هیچ نەبینین، بێ لە لایەنی مەعریفیانە نەبێت. ئەو (واتە مێژووی نەریتیانەی فەلسەفە) لە چێوەی ئەو پۆلێنەی بۆ تیۆرییەکانی مەعریفەی دادەنا، ئەو مەیلگەلەشی نمایش دەکرد، تا ئەوەی ئەو پێی دەڵێ فەلسەفەی رەخنەیی، بەرامبەری بگرێتەوە. ئیدی بەم جۆرە، متمانەڕێژی هەموو ئەو هەڵوێستانەیە، کە بە تەواوی گومان وەك میتۆدێك رەت دەکاتەوە، دامێنگیری هەقیقەتی رەهاش دەبێت، واشی دادەنێت کە هەقیقەتی رەها هیچ پێویستی بە رەخنە نییە و رەخنەش هەڵناگرێت.

راستە هەندێك کەس هەڵوەستە لە ئاست ئەو ئەنجامە کردارەکیانەدا دەکەن، کە لە پەیڕەوکردنی هزری دۆگمادا دەکەونەوە، تەنیا بەو لایەنە ساغ مەعریفیەش بەسی لێ ناکەن، بەڵکو پێیانوایە دۆگماییزم، لەبەر ئەوەی وابەستەی تاکە را و قۆرخکردنی هەقیقەتە، هەر رایەکی پێچەوانەش سەرکوت دەکات، دان بە «رای ئەوی دی»دا نانێت، رایەکی دی ناناسێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو بە تەنیا دەیڕوانییە ئەو لایەنە کردارەکییە، بەوەی کە تەنیا بەرکارە و ئاکامێکە زادەی مەعریفەیە. لەم چوارچێوەیەدا، تەنیا لەودا، قسەیان لەبارەی ئاکامەکانی پەیڕەوکردنی متمانەڕێژییەوە دەکرد، کە چۆن هەڵوێستی توند و زبری لێ دەکەوێتەوە و پاڵ بە دەروێشانیشی دەنێت، راست و چەپێك بە سەر (ئەوی دی)دا بنێن، تەنانەت سەرکوت کردن و سەرکۆنەکردنی ئەو «ئەوی دی»یەش.

بەڵام، ئەگەر هەر لە سەرەتاوە متمانەڕێژیمان دیاری کرد، نەك بەوەی کە هەڵوێستێکی تیۆرییە و «تیۆرییەکی مەعریفە»یە، بەڵکو وەك ئەوەی لە بنەڕەتدا هەڵوێستێکی ئەخلاقی- سیاسییە، ئەوا بۆمان روون دەبووەوە، کە توند و زبرە، نەك تەنیا بەو قسە و کردارانەی دەیانکات، بەڵکو بەو مکیانیزمە یەکتاناسەی هەشیەتی، کە هەموو فرە رایی و جیاوازی لە هەڵوێست رەت دەکاتەوە، هەروەها هەر دوودڵییەکی نێوان گومان و یەقینیش، رەت دەکاتەوە. ئەمەش وا دەکات هەموو شتێك بخاتە نێو بازنەی خۆیەوە، هەمووانیش ناچار دەکات ملکەچی لۆژیکی ئەو بن، هەڵبەت ئەوەش پێویستی بە میکانیزمێکی زۆردارانە و ناچار کردن هەیە. پێشتر (نیچە) روونی کردەوە کە هەموو میکانیزمێکی یەکتاناسی، نابێتە یەکتاناسی تەنیا بەوە نەبێت کە رێکخستن و ناچاری و مل بادان نەبێت، هەروەها بە تەنیا بەرەنگار بوونەوەی پەشێویی فرەیی و دارشتنی لۆژیکی هەژموون و مل پێ کەچ کردن و ستەمیش.

جا بەم حاڵەوە، پێویستە کە بە تەنیا هەڵوەستە کردن لە ئاست ئاکامەکانی متمانەڕێژی و «کاریگەرییەکەی» بەسی لێ نەکەین، بەڵکو پێویستە پەی بەرین بەو میکانیزمە یەکتاناسەش کە ئەوی کۆنترۆڵ کردووە. هەر ئەو میکانیزمەشە کە دەبێتە کۆسپی نێوان متمانەڕێژ و ئەوی دی، ڕێشی لێ دەگرێت فرە ڕایی قبووڵ بکات، یان دروستتر جیاوازیی نێوانیان قبووڵ بکات. بەڵکو ئەو میکانیزمە، کارە ڕەنگدانەوەی خۆی دەکات و دەروێشانی خۆشی کەوی و ملکەچ دەکات. چونکە متمانەڕێژ، بەر لەوەی جیاوازی لەگەڵ هی دی ڕەت بکاتەوە، یەکەم جار ڕێی جیاواز بوون لەگەڵ خۆی قەدەغە دەکات، یان، ڕاستتر، ملکەچ بوون بۆ مەحاڵ بوونی جیاواز بوون لەگەڵ خوددا. متمانەڕێژ بەر لەوەی دەرگا لە ئەوانی دی دابخات، دەرگا لە سەر خۆی دادەخات، بەر لەوەی هەمبەر بە ئەوانی دی توندوتیژی بنوێنێ، هەر خۆی دەچێتە بن نیری گوشاری بەدیهیایەتی و توند و تیژییەکەیەوە. متمانەڕێژ هزری خۆی ناداتە بەر بێژنگی لۆژیك، بەڵکو هەموو شتێك لە بێژنگی لۆژیکی خۆی دەدات. ئیدی لێرەوەیە کە دەڵێ، ئەو پەی بە هەموو کون و کەلەبەرێك دەبات، هەر ویستێك یان دوودڵییەك، وا دەکات پێگەی بهێنێتە خوار و دەسەڵات و شکۆی ئەویش لاواز دەکات. ئا لێرەوە مۆرکی شموول هەمەکیانە و گشتانکارانەی متمانەڕێژی و تۆتالیتاریزمی ئەو، سەرچاوە دەگرێت. پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانی گشت (Total) و گشتانکاری (Totalitaire)دا هەیە، بە هەمان شێوە پەیوەندییەکی پتەویش لە نێوان حەزی ئەوەی لە هەموو شتێکدا شارەزا بیت و نێوان تاکڕەوی لە ڕا و تۆتالیتاریزمدا، هەیە. ئەوە پەیوەندییەکە ئاستی درکە و گوتن تێپەڕ دەکات. چونکە هزری تۆتالیتاریزم خەسڵەتی تایبەتاندن و ڕوانینی هەمەکیانەی هەیە، دەشڵێ هیچ شتێك لە هەگبەی زانینی ئەو دەرباز نابێت. جا لێرەوەیە کە لە هەموو هەڵوەستە و دوودڵییەك دوور دەکەوێتەوە، زوو بە زووش هەموو شتێك یەکلایی دەکاتەوە کە دەبێتە مایەی دەرخستنی کەم و کوڕییەك یان ناتوانایییەك، ئەویش لە ترسی ئەو ئەنجامەی کە لێ دەکەوێتەوە، (واتە) نەك تەنیا دەرخستنی سستی و لاوازی لە بواری تیۆریدا، بەڵکو لە کەم کردنەوەی سەنگی دەروێشانی ڕایەکەش، هەروەها کار لە سام و دەسەڵاتی ئەوانیش دەکات. ئەوە تەنیا نابەڵەدی نییە لە شتان، بەڵکو ئەوە کەموکوڕی و ناتوانایی و سستیشە. بۆیە خەسڵەتی متمانەڕێژی ئەوەیە، توانایەکی لە ڕادەبەدەری لە فەتوادان لە هەموو کارەساتێکدا هەیە، جا ئەو کارەساتە هەر چییەك بێت خەسڵەتەکەی و تا چ ڕادەیەکیش ئاڵۆز بێت. هەر گومان یان دوودڵییەکیش بە نیشانەیەکی ناتوانایی دادەندرێت، هەر هەڵەیەکیش تەنیا بە تاوان دادەندرێت.

لە لایەکی دیکەوە، سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان درکەی هەمەك و تۆتالیتاری، پێشتر ئاماژەمان پێ دا بوو، کاتێك گوتمان کە هزری گشتانکاری، بەو میکانیزمە یەکتاناسی و لە خۆ گرتنەی، ناچار دەبێت میکانیزمێکی سەرکوتکەرانە و زۆردارانە بخاتە گەڕ. بە پێی ئەوە، هزری متمانەڕێژی دۆگما، کە لە نێو دەریای بەدیهی و یەقیندا پێ مەلە دەکات، وەك دەڵێن، بەو کردارانەی لێی دەکەونەوە و بەو ئاکامانەی زادەی ئەون، توند و تیژ نییە، بەڵکو بەوەی کە ئەوی پێ دەبەسترێتەوە، یان ڕاستتر ئەوی پێڕا دەبەسترێتەوە، هەروەها بەوەی ئەو بە تەبیعی بە بەدیهیی دەزانێت و پێیوایە مشتومڕی ناوێت، توندوتیژییە. توندی و تیژی لێرەدا وەك ئەوەیە توندوتیژییەکی بنیادانە بێت. پێشتر (ڕۆلان بارت) ڕوونی کردەوە کە بەدیهیایەتی توندوتیژییە و «توند و تیژیی ڕاستەقینە ئەوەیە بڵێی: تەبیعییە ئەمەمان پێ وا بێت، ئەمە کارێکی بەدیهییە».

پێشتریش سەرداری فەلسەفەی نوێ وا بەدیهیایەتیی دیاری کرد، بەوەی بە چەمکی یەکێتی و سادەییەوە گرێی دا، وەك چۆن گومانی بە فرەیی و تێك هەڵکێشەوە گرێ دا. زەین ناکەوێتە گومان و سەرگەردانییەوە، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە دەکەوێتە بەردەمی چەندڕیان و ڕێ و ڕێچکەکانی لێ ئاڵۆز دەبن. خۆ ئەگەر لە بەردەمی یەك ڕێڕەودا بوو، ئەوا چ چارێکی نییە و دەبێ بیگرێتە بەر، یان با بڵێین ڕاستییەکەی، ئەو ڕێیە دەیبات و ئەویش دەیگرێتە بەر و پێشی وایە، کە ڕاستی ها بە لای ئەوەوە، ئەوەی لە بیر دەچێت کە ئەو بارمتەی ڕێیەکەیە، بەدیهیایەتیش بەدی نایەت، تەنیا لە کۆتایی ڕێڕەودا نەبێت، هەقیقەتیش نابێ چ شتێك بێت، بێ لە هەموار کردن و ڕاست کردنەوەی ڕایەك، ڕاست کردنەوەی هەڵەیەك، ئەو، وەك (باشلار) دەڵێ: «لە کەشێکی پەشیمان بوونەوەی هزریدا نەبێت، درکی پێ ناکرێت».

بەم چەشنە، متمانەڕێژی توند و تیژی و سەرکوت کردنە، بەوەی چەندان بەدیهییە و دەرگای گومان دادەخات و ڕێی ڕەخنەش کلۆم دەدات، دەروێشانی خۆشی لە نێو «گشتێکی یەکگرتوو»دا زیندانی دەکات، ڕێیان پێ نادات هەوای ئازادی هەڵمژن.

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕبات**

**متمانەڕێژ، بەر لەوەی جیاوازی لەگەڵ هی دی ڕەت بکاتەوە، یەکەم جار ڕێی جیاواز بوون لەگەڵ خۆی قەدەغە دەکات**

**متمانەڕێژی توند و تیژی و سەرکوت کردنە، بەوەی چەندان بەدیهییە و دەرگای گومان دادەخات و ڕێی ڕەخنەش کلۆم دەدات**

### پەرلەمانتار نوێنەرایەتی وڵاتێک دەکات نەک تەنیا پارێزگایەک

# دابەشکردنی عێراق بۆ ١٨ بازنەی هەڵبژاردن، فێڵێکە لە کورد دەکرێت



هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بە سیستمی دابەشکردنی عێراق بۆ ١٨ بازنەی هەڵبژاردن، هەوڵێکە بۆ سنوردارکردنی ڕێژەی کورسییەکانی کورد لەپەرلەمانی عێراقدا، هۆکاری سادەش بۆ ئەمە ئەوەیە لەبەر ئەوەی کوردستان ئارامە و هەروەها کوردی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەیانەوێت بەشێوازی دیموکراتیانە مافی خۆیان بگێڕنەوە، ئەوا ئێستا لەلایەن عەرەبی عێراقەوە فێڵێکی سیاسیی دروستکراوە بۆ ئەوەی کورد سوود لەم دەرفەتە وەرنەگرێت، هەندێك پەرلەمانتاری عەرەبی عێراق کە نایانەوێت وەك خۆی پرانسیپەکانی دیموکراتی ببینین، بەوجۆرە پاساو بۆ ئەو فێڵە سیاسییە دێننەوە بەوەی گوایە دەستووری عێراق بۆ هەر ١٠٠ هاووڵاتی عێراقی نوێنەرێکی دیاری کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ژمارەی کورد ٥,٥- ٦ ملیۆن بێت، ئەوا تەنیا ئەو ڕێژە کورسییەی بەردەکەوێت کە دەکاتە ٥٧ کورسی وەك ئەوەی ئێستا لە پەرلەمانی عێراق بوونی هەیە، ئەمە لە کاتێکدا راستە دەستوری عێراق بۆ ١٠٠ هاووڵاتی نوێنەرێکی دیاری کردووە، بەڵام دیاریکردنی نرخی کورسیی پەرلەمانی بە ڕێژەی بەشداربوونی هاووڵاتی لە دەنگدان دیاری دەکرێت، ئەم حاڵەتە لە پرۆسەی دیموکراتی جۆرێك لە هاندانە بۆ بونیادی دیموکراتی و پاراستنی پرۆسەی دیموکراتی لە وڵاتدا، لەهەمانکاتدا لەبەر ئەوەی پەرلەمانتار نوێنەرایەتی وڵاتێك دەکات نەك پارێزگایەك ئەوا دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان بەر لە پرۆسەی دەنگدان بەسەر پارێزگاکاندا، خۆی لە خۆیدا ناسنامەی پەرلەمانتار لە ئەندامی پەرلەمان وەردەگرێتەوە و دەیکاتە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا، ئەمە لە کاتێکدا ئەنجومەنی پارێزگا بوونی هەیە و ئەم ئەنجومەنەش بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، لە هەمانکاتیشدا جیاوازە لە کاری پەرلەمانی لەسەر ئاستی وڵاتێك.

بۆیە ئەم کێشمەکێشەی ئێستا لەسەر یاسای هەڵبژاردن لە پەرلەمانی عێراق لە ئارادایە، ئەگەر بەو شێوەیە تێپەڕێنرێت کە عێراق بکاتە ١٨ بازنەی هەڵبژاردن و لەسەر حسابی دانیشتوان نەك ڕێژەی دەنگدان پێشوەختە کورسییەکان دابەش بکرێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا گورزێکی کاریگەر لە پرۆسەی دیموکراتی دەوەشێنرێت و دەبێتە هۆکارێك کە هەرگیز ئاستی بەشداری هاووڵاتیان لە پرۆسەی دیموکراتی بەرز نەبێتەوە، هەروەها جیاوازییەکی ئەوتۆش لە دیاریکردنی نرخی کورسیی پەرلەمانی عێراق دروست دەکات، کە هیچ هۆکارێك نەمێنێتەوە بۆ ئەوەی پێکهاتەکان هەست بە عێراقیبوونی خۆیان بکەن.

سەبارەت بەم پرسە هاوپەیمانی کوردستانی دوای ئەوەی لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە، زۆر بەتوندی هەڵوێستیان وەرگرتووە



بەوەی ناکرێت کورد بەشدار بێت لەپرۆسەیەك کە پرۆسەی دیموکراتی لە عێراق بەرەو دوا بگێڕێتەوە، یان ئەمجارەش وەك لەمەسەلەی بودجەی ساڵی پاردا ئەنجامیاندا، بە زۆرینەی عەرەبی یاساکە بەسەر کوردیشدا بسەپێنن، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە زۆرینەی عەرەبی ناو پەرلەمانی عێراق لە چوارچێوەی زۆرینەی دیکتاتۆریدا بیانەوێت ئەوەی دەیانەوێت بەسەر مافی کورد بیسەپێنن، ئەوا کورد نەك ناتوانێت قبوڵی بکات، هەروەها قبوڵیشی نییە بچێتە ناو پرۆسەکەیەوە کە ڕەوڕەوەی دیموکراتی بەرەو دواوە بباتەوە، هەربۆیە هەڵوێستی هاوپەیمانی کوردستانی راشکاوانەیە و دەرگای لەسەر هەموو ئەگەرەکان بە کراوەیی بەجێهێشتووە ئەگەر بێتو بە زۆرینەی نێو پەرلەمان ئەم یاسایە بەشێوەی دابەشکردنی عێراق بۆ ١٨ بازنە تێپەڕێنرێت و حساب بۆ هەڵوێستی هاوپەیمانی کوردستان نەکرێت.

**هاونیشتمانی یان عێراقیبوون لای ئەقڵە شۆڤێنیەکان بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکە بەو جۆرە تەفسیرکراوە، کە خۆمان بە عێراقی بزانین بەو شێوەی ئەوان چوارچێوەی بۆ دیاری دەکەن، نەک بەو شێوەی وەک هاووڵاتیەکی عێراقی هەست بە هاونیشتمانی خۆمان بکەین**

## سیاسەتێك بۆ کوشتنی هەستی هاونیشتمانی و یەکپارچەیی عێراق

هاونیشتمانی یان عێراقیبوون لای ئەقڵە شۆڤێنیەکان بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکە بەو جۆرە تەفسیرکراوە، کە خۆمان بە عێراقی بزانین بەو شێوەی ئەوان چوارچێوەی بۆ دیاری دەکەن، نەك بەو شێوەی وەك هاووڵاتیەکی عێراقی هەست بە هاونیشتمانی خۆمان بکەین، بۆ نموونە هیچ عەرەبێکی عێراق بە شیعە و سوننە ناتوانن حاشا لەوە بکەن کە کەرکوك شارێکی کوردستانییە و ئەگەر بواری ئەوە بدرێت بەشێوەیەکی دیموکراتیانە ئەم مەسەلەیە یەکلایی بکرێتەوە، ئەوا زۆرینەی دانیشتوانی کەرکوك خۆیان دەزانن چ بڕیارێك دەدەن، بەڵام لە کاتێکدا کە ناتوانن بەشێوازی دیموکراتی و لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا ئەم مەسەلەیە پێچەوانە بکەنەوە، ئەوا پەنا دەبەنە بەر دواخستنی هەڵبژاردنی بە تەنیا لە پارێزگای کەرکوك، یان دەبنە ڕێگر لەبەردەم یاسای ڕێکخستنەوەی ئیداری شاری کەرکوك، کە پێشتر رژێمی بەعس بۆ مەرامی بە عەرەبکردنی ئەوشارە سنوری ئیداری کەرکوکی شێواندووە، ئەمەش راشکاوانە واتە درێژەدان بە سیاسەتی بەعەرەبکردن و هێشتنەوەی کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بەهەڵواسراوی، ئەمەش لەبری ئەوەی هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی کورد لەو عێراقەی پێی دەگوترێت عێراقی نوێ، هەست بە هاونیشتمانی و هاوبەشی لەعێراقدا بکات، هێندەی دیکە حەز دەکات رۆژێك زووتر لە عێراق جیابێتەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بەو دیاردە ناتەندروستە بێت کە رژێمەکانی عێراق دەیان ساڵە دروستیان کردووە و شێوازی پەیوەندی ئاسایی و برایانەی نێوان کورد و عەرەبی تێکداوە، هەربۆیە هەوڵدانی کورد بۆ رزگاربوون لەو ئەقڵیەتە شۆڤێنیەی ئەم جیاوازییە لەنێوان کورد و عەرەب دروست دەکات، کەسەرەنجام بە زیان بۆ بەرژەوەندیی هەردوو نەتەوە دەشکێتەوە، هەوڵێکە بۆ دروستکردنەوەی پەیوەندیەکی برایانە و هاوبەش لەسەر بنەمای هاوسەنگی راستەقینە، راستکردنەوەی ئەو چەمکە شۆڤێنیەیە کە بانگێشە بۆ ئەوە دەکات کە کورد نایەوێت لەگەڵ عەرەب لەوڵاتێکدا بژی، بەپێچەوانەوە لەبەر ئەوەی کورد و عەرەب ئەگەر لەدوو وڵاتی جیاوازیش بژین نەك یەك وڵات لەبەر ئەوەی دەبنە دراوسێی یەك دەبێت باشترین پەیوەندی هاوبەش و برایانە لەنێوانیاندا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر ئاستی ئابووری سیاسیی جۆرێك لە تەکامول لەنێوان هەردوو نەتەوە دروست بکەن، بەڵام ئەو ئەقڵیەتە شۆڤینیە زاڵەی کە ناتوانن دەستبەرداری بن، هەموو بنەماکانی هەستی هاونیشتمانیبوونی تێکداوە، هەر لەم چوارچێوەیەدا و بۆ ئەوەی پێگەی کورد بەشێوازی دیموکراتیانە لەنێو پەرلەمانی عێراق سنوردار بکات، هەروەك چۆن لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ بەم فێڵەی لە یاسای هەڵبژاردن بەکارهات، ژمارەی کورسییەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراق لە ٧٩ کورسیەوە دابەزێت بۆ ٥٧ کورسی، ئەمەش مانای ئەوەیە کورد بە شێوەیەکی کارا لە پرۆسەی دیموکراتی بەشدار بێت یان ناکارا، ئەوا هەرگیز ناتوانێت ببێتە هاووڵاتیەکی عێراق و لەناو پەرلەمانی عێراقدا نوێنەرایەتی هەموو عێراق بکات، نەك تەنها پارێزگایەك، ئەمەش ئەو مانایەی هەیە کە کورد بۆی نییە لەو ئاستەی کە عەرەبی عێراق بۆی دیاری دەکات ناتوانێت بەشداری زیاتر بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە کورد لە عێراقدا بمێنێتەوە دەبێت هەر بەوشێوەیە بێت کە عەرەبی عێراق چوارچێوەیەکەی بۆ دیاری دەکات و بواری ئەوە نادەن کە کورد وەك هاوبەش و نەتەوەی سەرەکی دووەم، عێراق بە نیشتمانی هاوبەش بزانێت و لەسەر بنەمای برایەتیەکی هاوسەنگ لەگەڵ عەرەب پێکەوە بژین، بۆیە ئەم حاڵەتە وایکردووە کە ئەمجارە هاوپەیمانی کوردستانی (تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان) هەموو پێکەوە هەڵوێستێکی هاوبەش وەربگرن و بەوە رازی نەبن کە چیدیکە مافەکانی کورد پێشێل بکرێت.

ئەگەر ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە ئەقڵیەتی شۆڤێنیەوە نییە بۆ سنوردارکردنی پێگەی کورد، پرسیار ئەوەیە چۆن پەرلەمانی نیشتمانی بۆ وڵاتێك پێش پرۆسەی دەنگدان بە یاسایەك کورسیەکانی دابەش دەکرێت، بۆیە لەکاتێکدا کە ئاستی بەشداری هاووڵاتیانی هەرێم و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و ئەم بەشداریەش خۆی لە خۆیدا فاکتەرێکی گرنگە بۆ بونیاد و پاراستنی دیموکراتی لە عێراقدا، ئەوا ناکرێت تەنها بۆ دژایەتیکردن و سنوردارکردنی پێگەی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا ئەمە قبوڵ بکرێت.

### پەرلەمانتار موحسین سەعدون لە هاوپەیمانی کوردستانی بۆ گوڵان:


# ئەگەر هەموو عێراق یەک بازنەی هەڵبژاردن نەبێت لایەنی کوردستانی رازی نابێت

**پەرلەمانتاری هاوپەیمانی کوردستان سەبارەت بە هەوڵەکان بۆ تێپەڕاندنی یاسـای هەڵبژاردنەکانی عێراق لەسـەر بنەمای دابەشـکردنی عێراق بۆ ١٨ بازنە، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو:**

((ئێمە وەك هاوپەیمانی کوردستانی هەر لە خولی رابردووەوە رازی نەبووین بەم یاسـایە و سـەرەتا دەنگمان بۆی نەدا و داوای هەموارکردنەوەی ئەم یاسـایەمان کرد، هەموو لایەکمان دەزانین کە ئەو کات ئەمریکا هاتە سـەر هێڵ و تەنانەت خودی سەرۆك ئۆباما و جۆ بایدن پەیوەندییان بە (سەرۆك بارزانی)یەوە کرد و پشتگیری خۆیان بۆ داواکەی ئێمە دەربڕی و رایانگەیاند کە حەز دەکەن کورد بەشـدار بێت لە پرۆسەی سیاسـی، بۆیە بەهۆی بوونی فشاری زۆرەوە دەنگمـان بۆی دا بەو هیوایەی هەموار بکرێتەوە، لە رێکەوتننامەی هەولێریش یەکێك لە بەندەکانی بریتی بوو لە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنـەران، بەڵام حکومەت و کوتلە سیاسـییەکان پابەند نەبوون بە رێکەوتنەکە، لەم پێشنیارە یاساییەدا ئێمە داوای چارەسەرکردنی کێشەیەك دەکەین کە عێراق بە دەستییەوە دەناڵێنێت، چونکە هیچ سـەرژمێرییەکی دروستمان نییە و هیچ کەسێك بە دروستی نازانێت ژمارەی دانیشتوانی عێـراق چەندە، بۆیە ئەم داوایە یاسـاییە کە پێویسـتە سیسـتمێکی هەڵبژاردنی نێودەوڵەتـی هەبێت و عێراق بکرێتە یەك بازنەی هەڵبـژاردن وەك ئەوەی لە هەرێمی کوردسـتان ئەنجامدرا بۆ ئەوەی دەنگـی هاووڵاتی بە فیرۆ نەچێت، چونکە بەپێی دەسـتوور پێویسـتە رێز لە ئیـرادەی خەڵك بگیرێت، هەروەها لە دەسـتووردا هاتووە کـە ئەندام پەرلەمان نوێنەرایەتـی هەموو گەلی عێراق دەکات نەك نوێنەرایەتـی پارێزگایەکی دیاریکراو، بەڵام ئێستا هەندێك لایەن دەیانەوێ عێراق بکرێتە ١٨ بازنەی هەڵبژاردن ئەمانەش سـەرپێچی یاسـایین، بۆیە داوای هەموارکردنی یاساکەمان و چەند پێشنیارێکمان پێشکەش کردووە، تا ئێسـتا چەندیـن کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە و دواترینیان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو بە ئامادەبوونی هەموو لایەنە کوردییەکان بە ئۆپۆزیسیۆن و دەسـەڵاتەوە و هەموو لایەك لەسـەر ئـەوە کۆك بوون کە عێراق یەك بازنەی هەڵبـژاردن بێت، چونکە ئەگەر وانەبێت ئێمە بەلایەنی کەم ٢٠ کورسی لە دەست دەدەین، ئێمەش ئامادە نین قوربانی بە داوارۆژی سیاسی خۆمان بدەین بەهۆی یاسایەك کە لەسـەر بنەمای بەرژەوەندی حزبی و کەسی بونیادنراوە کە هەر لایەنێك دەیەوێ تێیدا سەرکەوتن بەدەسـت بهێنێت، بەڵام ئێمە دەڵێین پێویستە دادپەروەری هەبێت لەم مەسەلەیە و دەنگدەری عێراقی لە هەر پارێزگایەك دەنگ بدات پێویستە رێز لە دەنگەکەی بگیرێت، ئەگەر لە کوردستان ٧٠٪ی دەنگ بدەن پێویستە رێز لە دەنگی بگیرێت، بە هەمان شـێوە ئەگەر لە بەسرە ٩٠٪ی خەڵکەکەی دەنگ بدەن دەبێ رێزیان لێ بگیرێت، بەڵام هەندێك لە لایەنەکان دەڵێن: ئێوە بە ژمارەیەکی زۆر دەچـن دەنگ دەدەن و ئێمە بـە ژمارەی کەمتر ئەمەش ناکرێ، ئەمەش لێکدانەوەیەکی نادروستە، چونکە ئەگەر بارودۆخی ئەمنی لای ئەوان سـەقامگیر نەبێت ئێمە بۆ باجەکەی بدەین، خۆ ئێمە هۆکارێك نین بۆ دروستبوونی ئـەو بارە، بۆیە داواکارییەکانمان مەشـروعە و ئێمە داوا دەکەین بگەینـە رێککەوتنێك و ئەگەر چارەسـەرێکی دیکەیان دانا کە ئێمە وەك هاوپەیمانی کوردسـتانی یەك یان دوو کورسـی لە دەسـت بدەین لەپێنـاو بەرژەوەندی گشتی، رەنگە بەمە رازی بین.

کاتێك کە ئێمە لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق یەك بازنە بوو ژمارەی کورسـییەکانی هاوپەیمانی کوردستانی ٧٦ کورسـی بوو، بەڵام دوای ئەوەی کرا بە چەند بازنەیەك ئێستا هەموو کوتلە کوردییەکان لە پەرلەمانی عێراق ٥٧ کورسـیمان هەیە، ئەمەش جیاوازییەکـی زۆرە و لەوەوە هاتووە کە لە کوردسـتان پاڵێوراو دەبـێ ٢٠-٣٠ هەزار دەنگ بەدەست بهێنێت، لە کاتێکدا لە هەندێك پارێزگای عێـراق بە ٧-١٠ هەزار دەنگ دەبێتـە ئەندام پەرلەمان و کرۆکی ناکۆکییەکە لێرەیـە، ئێمە لیژنەیەکی باڵامان پێکهێناوە لە کوتلە کوردییەکان و ئامادەی گفتوگۆین بۆ روونکردنەوەی راستییەکان بۆ خەڵکی عێراق، بەڵام لەسەر حیسابی دەنگی دەنگدەرانی ئێمە نەبێت)).





**د. مەحمود عوسمان بۆ (گوڵان):**

# لەساڵی ٢٠١٠ بەهۆی ئەوەی سیستمی هەڵبژاردن یەک بازنەیی نەبوو کورد ١٥-٢٠ کورسیی پەرلەمانی عێراقی لەدەستدا

**سەبارەت بەشێوازی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی عێراق، دکتۆر مەحمود عوسمان پەرلەمانتاری سەربەخۆ لە پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان پێیوابوو:** بەو پێیەی زۆربەی پەرلەمانتارە عێراقیەکان تەئکید لەسەر شێوازی ١٨ بازنەیی دەکەنەوە جگە لەپەرلەمانتارەکانی هاوپەیمانی کوردستان کە پێمان باشە پرۆسەی هەڵبژاردن بەشێوازی یەك بازنەیی بەرێوەبچێت هەربۆیە تاوەکو یاساکە تێنەپەڕێنرێت هەوڵ دەدرێت لەگفتوگۆکاندا لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق بگەنە رێککەوتنێکی مامناوەندی؛ لەم رووەوە بەڕێزیان وتی: زۆربەی پەرلەمانتارە عێراقیەکان جگە لەپەرلەمانتارەکانی هاوپەیمانی کوردستانی تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پرۆسەی هەڵبژاردن بەشێوەی ١٨ بازنەیی بەرێوەبچێت، واتا هەر پارێزگایەك بازنەیەکی هەڵبژاردن بێت، ئەمەش بەپێچەوانەی ویستی ئێمەیە کە دەمانەوێت هەموو عێراق یەك بازنەی هەڵبژاردن بێت، ئەگەر یاساکەش لەپەرلەمان تێپەڕێنرێت ئەوا هەڵبژاردنەکە بە شێوەی ١٨ بازنەیی ئەنجام دەدرێت، هەربۆیە پێموایە بۆ ئەوەی بتوانرێت یاساکە تێپەڕێنرێت دەبێت بگەینە رێککەوتنێکی مامناوەندیی، کە تا ئێستا روون نییە ئاراستەی ئەو

ڕێككەوتنە مامناوەندییە چۆنە كە وابڕیارە لەماوەی هەفتەیەكی گفتوگۆ پەرلەمانیەكەدا یەكلابێتەوە، كە لەسەر ئاستی باڵاش گفتوگۆ لەنێوان لایەنەكان دەبێت. ئومێدەوارم ئەم گفتوگۆیانەش كە بەدرێژایی ئەم هەفتەیە تا كۆتایی ئەم مانگە لە نێوان پەرلەمانتاران بەڕێوەدەچێت بمانگەیەنێتە دەرئەنجامێك كە زیانی زۆری بۆ كورد نەبێت، بەپێچەوانەشەوە گەر بێتو ئەمجارە ئەم یاسایە تێپەڕێنرێت و گوێ لەویست و داواكاریی كورد نەگیرێت دەبێت كورد كۆبێتەوەو سەركردایەتی و لایەنەكان دانیشتن بكەن و پێكەوە بڕیار بدەن.

سەبارەت بەزیانەكانی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەشێوەی ١٨ بازنەیی كە هەردوو لایەنی شیعەو سوننە بۆ زامنكردنی كورسییەكانیان پاڵپشتی دەكەن بە پێچەوانەی كوردەوە كە پێداگیری دەكات لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەشێوەی یەك بازنەیی، دكتۆر مەحمود عوسمان پەرلەمانتاری سەربەخۆ لە پەرلەمانی عێراق بە گوڵانی ڕاگەیاند: ڕێژەی دەنگدان لەهەرێمی كوردستان بەراورد بەناوچەكانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق زۆر بەرزترەو كورد زۆر زیاتر بەراورد بەهاووڵاتیانی ناوچەكانی دیكەی عێراق بەشداری لەهەڵبژاردن دەكات، لەبەرامبەردا ئەوانەی پاڵپشتی لەبەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن بەشێوەی ١٨ بازنەیی دەكەن پێیانوایە لەم شێوازەی هەڵبژاردن هەر پارێزگایەك ژمارەی كورسیەكانی دیاری دەكرێت خەڵكی كەمیش بچێت بۆ دەنگدان ئەوان زامنی كورسییەكانیان دەكەن و كاریگەری لەسەر كەمبوونەوەی ژمارەی كورسیەكانیان نابێت، هەربۆیە كورد پاڵپشتی ئەوە دەكات هەڵبژاردنە پەرلەمانیەكەی عێراق بەشێوەی یەك بازنەیی بەڕێوەبچێت، بەمەش لەكاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكان بەشێوەی یەك بازنەیی ئەو كات كورد بەپێی ژمارەی دەنگدەران هەر لایەنەو كورسی لەپەرلەمانی عێراق دەبێت، بەپێچەوانەی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق كە لە ساڵی ٢٠١٠ بەڕێوەچوو تێیدا كورد ١٥بۆ ٢٠ كورسی لەدەستدا. لەلایەكی دیكەوە یەكێك لەسوودەكانی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەشێوەی یەك بازنەیی ئەوەیە كەمە نەتەوەكان و حزبە بچووكەكان سوودمەند دەبن كاتێك هەموو دەنگەكانیان كۆدەكەنەوەو كورسیی پەرلەمانیان دەست دەكەوێت. ئەم حاڵەتە پێچەوانە دەبێتەوە لەكاتی ئەنجامدانی پرۆسەكە بەشێوەی ١٨ بازنەیی و دەنگێكی زۆری كورد و كەمە نەتەوەكان و حزبە بچووكەكانیش بەفیڕۆدەچێت.

لەوەڵامی پرسیارێكی گۆڤاری گوڵاندا بەوەی ئایا بۆچی بە بەردەوام لەنێوان كوردو لایەنە سیاسییەكانی دیكەی عێراق كێشەو گرفت لەسەر مەسەلە هەستیارەكان هەیە لەكاتێكدا عێراق خاوەنی دەستوورێكی هەمیشەییە؛ دكتۆر مەحمود عوسمان پەرلەمانتاری سەربەخۆ لە پەرلەمانی عێراق بەگوڵانی ڕاگەیاند: جیاوازیی و بگرە كێشەیەكی زۆر لەنێوان ڕاوبۆچوونی ئێمەی كورد و لایەنە سیاسییەكانی دیكەی عێراق هەیە بەتایبەتی لەسەر مەسەلە گرنگ و هەستیارەكان؛ ئەوان بڕوایان بەفیدراڵی نییەو ئێمە بڕوامان بەفیدراڵییە، ئەوان نایانەوێت هەرێم دەسەڵاتی زیاتر بێت و ئێمە دەمانەوێت دەسەڵاتی زیاترمان هەبێت، تەنانەت ئەوان بڕوایان بەوە نییە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم بێتەوە سەر هەرێمی كوردستان و بەپێچەوانەوە گەڕانەوەی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ سەر هەرێمی كوردستان ویست و خواستێكی سەرەكی ئێمەیە، ئەوان بڕوایان بەمەسەلەی نەوت و غازیش نییە و چەندین مەسەلەو بواری دیكەش كە وایانكردووە جیاوازییەكی زۆر لەنێوان ئێمەی كوردو ئەوان هەبێت، كاتێكیش ئەوان ئەو كێشانە یەكلاناكەنەوەو بەویستی ئێمە ناكەن ئێمەش لەناوچەی خۆمان چیمان بووێت دەیكەین و گوێشیان نادەینێ و ئێمە حكومەتی فیدراڵیمان دەوێت ئەوان حكومەتێكی ناوەندیان دەوێت، ڕاستە عێراق خاوەنی دەستوورێكی هەمیشەییە بەڵام «دەستوور هەیە و جێبەجێ نەكراوە لەبەر ئەوەی جیاوازی زۆر هەیە» كە دەبێت ئەو جیاوازیانە بەجیا چارەسەر بكرێت، چونكە بوونی ئەو جیاوازیانەو چارەسەرنەكردنی كێشەكانی هێشتۆتەوەو هەر ڕۆژەو لە شتێك و مەسەلەیەكدا دەردەكەوێت ڕۆژێك لە بودجەو ڕۆژێك لەنەوت و ڕۆژێك لەهەڵبژاردن.

لەسەروبەندی تەواوبوونی پرۆژەی بۆری ناردنە دەرەوەی نەوت لەهەرێمی كوردستانەوە بەرەو دەرەوە هەندێك لایەن و بەتایبەتی وەزیری نەوتی عێراق هەڕەشە لەهەرێمی كوردستان دەكەن و داوا دەكەن بەشە بودجەی هەرێمی كوردستان لەبودجەی گشتی عێراق ببڕێت؛ لەمبارەیەوە مەحمود عوسمان پەرلەمانتاری سەربەخۆ لە پەرلەمانی عێراق وتی: گەرچی من ئاگاداری مەسەلەی نەوت نیم لەهەرێمی كوردستان و لەنێوان حكومەتی ناوەندی بەغداو حكومەتی هەرێمی كوردستان كێشە لەسەر نەوت هەر هەبووەو دەبێت، چونكە كێشەكە زیاتر سیاسییە، بەڵام من پێموایە عەقڵیەتی ئیداریی لەعێراقدا نییە و بەڕێوەبردنێكی خراپ هەیە، هەربۆیە بەبڕوای من كێشەی نێوان هەرێم و بەغدا زیاتر كێشەی سیاسییەو دەبێت هەردوو لا بەگفتوگۆ و دانوستاندن بگەنە ئەنجام، بەپێچەوانەوە گەر بێتو نەگەنە ئەنجامێك بۆ یەكلاكردنەوەی كێشەكان ئەو كات دەبێت هەر یەكەو كاری خۆی بكات و كەسیش ناتوانێت خۆی بسەپێنێت بەسەر ئەوی تردا.

**گەر بێتو ئەمجارە ئەم یاسایە تێپەڕێنرێت و گوێ لەویست و داواكاریی كورد نەگیرێت دەبێت كورد كۆبێتەوەو سەركردایەتی و لایەنەكان دانیشتن بكەن و پێكەوە بڕیار بدەن**

**یەكێك لەسوودەكانی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەشێوەی یەك بازنەیی ئەوەیە كەمە نەتەوەكان و حزبە بچووكەكان سوودمەند دەبن كاتێك هەموو دەنگەكانیان كۆدەكەنەوەو كورسیی پەرلەمانیان دەست دەكەوێت**

**كاتێكیش ئەوان ئەو كێشانە یەكلاناكەنەوەو بەویستی ئێمە ناكەن ئێمەش لەناوچەی خۆمان چیمان بووێت دەیكەین و گوێشیان نادەینێ**

**گەربێتو نەگەنە ئەنجامێك بۆ یەكلاكردنەوەی كێشەكان ئەو كات دەبێت هەر یەكەو كاری خۆی بكات و كەسیش ناتوانێت خۆی بسەپێنێت بەسەر ئەوی تردا**


DESIGNS
THE NEW
BASICS



# راپەڕینەکەی گەلی سودان... ترووسکاییە ئومێدێک بۆ رزگاربوون لە دیکتاتۆریەت

■ ئەسما حوسەینی / گوڵان

راپەڕینی سودان کە پێی نایە هەفتەی چوارەمیەوە توانی بەستەڵەکی بێ دەنگیی بتوێنێتەوەو بەرەو رووی سەرکوتکردنی ئەمنیی رژێمەکەی عومەر بەشیری سەرۆکی سودان و ئەو خەفەکردنە میدیاییە بوەستێتەوە کە بەسەریدا سەپێنراوە،بەم شێوەیەش توانی لە سنوورە لۆکاڵییەکەی دەرچێت وپەیامەکەی خۆی بە جیهانی دەرەوە رابگەیەنێت،هاوکات توانی ئەوەی نهێنییە بۆ هەموو لایەکی روون بکاتەوەو زەوی لەژێر پێی رژێمی فەرمانڕەوا بهەژێنێت،نەك لە رێگەی نەیارانی و شۆڕشگێڕانەوە بەڵکو لەرێی ئەو سەرکردەو لایەنگرانەی خۆیشی کە رقیان لێیەتی.

راپەڕینی سودان سەرباری ئەوەی کە ئاشتیخوازەو لە رووی سەرکردایەتییەوە لاواز دیارە، بەڵام توانی بەرەنگاری

**ئەمڕۆکە بە ملیۆنەها سودانی بە هەر قوربانی و نرخێک بێت سوورن لەسەر رووخاندنی رژێم، ئەوان پێیانوایە کە رۆژی ٢٣ی سێپتێمبەر کە نارەزایی و خۆپیشاندانەکان دەستیان پێکرد دەبێتە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو سەردەمی فەرمانڕەوایەتی**




مێلیشیاکانی رژێم و هێزو هەواڵگرییەکانی ببێتەوە،هاوکات توانی هەموو نەیارانی ئەو رژێمە و ئەوانەیشی کە لێی بێ ئومێدن بەیەك ئاراستە کۆبکاتەوە،کە وادیارە لە ئێستادا هیوای ئەوە لە ئارادایە سەردەمێکی تازە بۆ سودان بنووسێتەوە،سەرباری ئەو خەمناکی و نالەبارییەی کە وڵاتی گرتەوە ئەویش بە رشتنی خوێنی ٢١٠ کەس تەنیا لە دە رۆژی یەکەمی شۆڕش بە گوێرەی رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی، ئەمە وێڕای سەدان بریندارو دەستگیرکراوو راونراو هەر لەوەتەی دەست پێکردنی نارەزایی و خۆپیشاندانەکان.

ئەمڕۆکە بە ملیۆنەها سودانی بە هەر قوربانی و نرخێك بێت سوورن لەسەر رووخاندنی رژێم،سەرباری ئەوەی هەرچییەك دەگوترێت لەسەر ئەو شۆڕشە، ئەوان پێیانوایە کە رۆژی ٢٣ی سێپتێمبەر کە نارەزایی و خۆپیشاندانەکان دەستیان پێکرد دەبێتە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو سەردەمی فەرمانڕەوایەتی،هاوکات جەخت لەوە دەکەنەوە کە کاروبارەکان هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ ئەو بەروارەی پێشوو،کاتێ گەلی تێکۆشەری قارەمانی سودان بەیەکەوە راپەڕین ،ئەو گەلەی کە لە مێژووداو لە نێو گەلانی ناوچەی عەرەبی و کیشوەری ئەفریقیادا بەوە ناسراوە کە عاشق و تینووی ئازادییە و هەمیشە ئامادەیە داکۆکی لە کەرامەت و بوونی خۆی بکات،وێڕای نەرمی و سادەو ساکاریی ئەو گەلە کە هەمیشە ئاشتیخواز بووە،بەڵام گومانی تێدا نییە کە پتر لە ٢٤ ساڵە لەژێر دەسەڵاتی سەربازیی دەناڵێنێت کە بە درووشمی ئیسلامی توانیویەتی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات و کاریگەریی هەبێت بۆ سەر سودان کە گەورەترین وڵاتی عەرەبی و گەیەنەری هەردوو ناوچەی عەرەبی و ئەفریقییە،ئەو رژێمەی کە عومەر بەشیر سەرۆکایەتیی دەکات بە زەبری کودەتایەك دژی دیموکراسییەت لە ساڵی ١٩٨٩ جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست،کاتێ رایگەیاند کە ئەو هاتووە وڵات رزگاردەکات و پارێزگاریی لە یەکێتیی خاکەکەی دەکات،بەڵام ئەوەی روویدا دابەشبوونی سودان بوو بە تایبەتیش جودابوونەوەی باشوور ئەوەی کە ماوەتەوەش بەدەست شەڕو ناسەقامگیریی بەردەوام دەناڵێنێت وەك دارفۆر و باشووری کردەڤان و نیلی ئەزرەق، هاوکات رژێم بەوەش نەوەستا بگرە دەستیکرد بە تاکڕەویی لە حوکمڕانیداو سیاسەتی بەلاوەخستن و هەڵگیرساندنی شەڕوشۆڕی بەرنامە بۆ داڕێژراو و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و چەوساندنەوەی خەڵك بە ناوی شەریعەت، بۆیە دەبینین سودان گەورەترین و فراوانترین هەڵمەتی کۆچکردن و پەناگیریی بۆ وڵاتان بەخۆیەوە بینی.

راپەڕینی سودان رژێمی بەشیری بە یەکجاری لە پەیوەندی و بەهاکان داماڵی و بە یەکجاری لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا دووری خستەوە،کاتێ ئەو رژێمە بە ئاگرو ئاسن بەرەوڕووی خۆپیشاندەران بووەوە بەمەش شەرعیەت و رەوایەتیی مۆرالی لێ داماڵرا،ئەو رژێمە بەوە سووك و بێ بەها بوو کاتێ بەدرۆو تەڵەکەبازی دەیەویست بە هەموو شێوەیەك فێڵ لە میللەت بکات کە گوایە رۆژئاواو ئەمریکاو ئیسرائیل دەیانەوێت پیلان دژی عەرەبایەتی و ئیسلامێتیی وڵات بگێڕن دیارە مەبەستیشی لەمەدا داپۆشینی قەبارەی ئەو ستەم و سەرکوتکارییە بوو کە دژی خۆپیشاندەرو شۆڕشگێڕان پەیڕەوی دەکرد،جاران ئەو درۆ و دەلەسانەی رژێمەکەی بەشیر تا رادەیەك لە باکووری ئەفریقیاو دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی جێگەی باوەڕبوون،بەڵام لە ئێستادا هیچ کەسێك باوەڕی پێی نەماوە،هەر ئەوەش وایکردووە کە رژێمی سودان نەتوانێت تۆڕێکی خۆپاراستنی عەرەبی بۆخۆی فەراهەم بکات کە رێگە لە رووخانی بگرێت،بە تایبەتیش دوای ئەوەی راستگۆیی و متمانەی وڵاتانی عەرەبی لەدەست دا.

راپەڕین پەردەی لەسەر راستیی ئەو بارودۆخە لابرد کە گەلی سودان تێیدا دەگوزەرێت هەروەها ئەو خەباتە ڕەوایەی گرتوویەتییەبەر بۆ رزگاربوونی یەکجارەکی لە رژێمی دیکتاتۆر،بۆیە هەر لەسەرەتاوە دەستی دایە خەباتی ئاشتی و چەکداری تاکو کۆتایی بەم رژێمە سەرکوتکارە بهێنێت،بەڵام لەئێستادا ئەو توانا سەربازییەی نییە لەهەمبەر توانای دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی رژێم کە بەزەبری ئاگرو ئاسن کۆنترۆڵی بارودۆخی وڵاتی کردووە،بە شێوەیەك وەك مۆتەکە سواری سنگی رۆڵەکانی ئەم وڵاتە بووەو بە هەموو شێوازێك ترس و دڵەڕاوکێی بەسەر دڵ و دەروونی خەڵکدا سەپاندووەو بەردەوامیش بەدوای شۆڕشگێڕانەوەیەو هەوڵ دەدات لە رووی مەعنەویشەوە ورەیان دابەزێنێت و بەم رێگەیەش مەبەستی ئەوەیە درێژە بە حوکمڕانیی دیکتاتۆریی خۆی بدات،ئەو رژێمە هەربەوەشەوە نەوەستا بەڵکو بەهەموو شێوەیەك ئاییندەی ئەم گەلەی خستە مەترسی و دواکەوتووییەوە کاتێ بە دەیان دەرفەتی

**رووداوەکانی ئەم دواییە ئەوەی سەلماند کە نەوەیەکی تازەی لاوان لە سودان هەیە،کە توانای بەرچاویان هەیە لە کارکردن و بەخشش و فیداکاری، ئەو لاوانەیش کە سەرکردایەتیی راپەڕینەکەی سودانیان کردووە ئەوانەن کە لە سایەی رژێمی بەشیر لە دایکبوونە**



گەورەی لەدەست سودان دا کە بۆ سەقامگیری و سازان و هەڵسانەوە هاتبوونە پێش، بۆیە دەبینین لەبەرامبەر دەرەوەدا چۆك دادەدات و بەمەش ئابووری وڵاتی خستە بارێکی ئەوتۆ کە بەشێوەیەك دارِما کە نەتوانێت جارێکی دیکە بکەوێتەوە سەرپێ،لە هەمووی کاریگەرترو مەترسیدارتر کە مایەی خەم و ناسۆرییە ئەویش لەدەستدانی دەیان رۆڵەی ئەم وڵاتەو هێنانی هێزی نێودەوڵەتییە تاکو دەست بخەنە نێو کاروباری ناوخۆی سودانەوە، تەنانەت ئەم رژێمە بووە پەندو عیبرەت کاتێ نموونەیەکی شێواوی لە دینداری و ئیسلامێتی پیشاندا کە لەلایەن هەموو مرۆڤ و ئاییندۆستێکەوە سەرکۆنەکرا.

راپەرِین سودانییەکانی والێکرد کە توانای خۆیان بخەنەروو، هەروەها خاڵی هێزو لاوازییان دەست نیشان بکەن هاوکات هەستی ئینتیمایان بۆ وڵاتی خۆیان دووپات بکەنەوە،لەلایەکی دیکەوە راپەرِینی سودان زۆر لەمپەری بەزاند کە رژێم جارێك بەناوی هۆزو عەشیرەت و جارێکی دیکەش بەناوی ئایین سەپاندبووی،بۆیە زۆرینەی خەڵکی سودان بەخۆیاندا دەچنەوەو گەیشتوونەتە ئەو برِوایەی کە پێویستە دیدوبۆچوونی ئەلتەرناتیڤ بدۆزنەوە و لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیان بە نیشتمانێکە لەسەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانی و هاووڵاتیبوون پەرەی پێ بدرێت،هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین ئەو خوێنەی لە خەرتووم رژا زیاتر سودانییەکان هاندەدات بەخۆدابچنەوەو درك بەوە بکەن کە خوێنی هەموو تاکێکی وڵاتەکەیان یەك خوێنەو هەمووی هەر حەرامە،جا چ ئەوەی لە خەرتووم یان دوورتر لە باشوور و دارفۆر و باشوور ولە کردەڤان و نیلی ئەزرەق و لە باکوورو رۆژهەڵات رژا،ئەوان گەیشتنە ئەو برِوایەی کە دۆخ و گوزەرانیان یەك شتەو شەرِو چارەنووسیان یەکەو پێویستە بە جیاوازیی بیروباوەرِو عەشیرەتیان ببنە یەك هێزو بە هیوایەکی گەشبینییەوە لە ئاییندەی خۆیان و وڵاتەکەیان برِوانن.

رووداوەکانی ئەم دواییە ئەوەی سەلماند کە نەوەیەکی تازەی لاوان لە سودان هەیە،کە دیدو بۆچوون و توانای بەرچاویان هەیە لە کارکردن و بەخشش و فیداکاری،زۆربەی ئەو لاوانەیش کە سەرکردایەتیی راپەرِینەکەی سودانیان کردووە ئەوانەن کە لە سایەی رژێمی بەشیر لە دایکبوونە،ئەوان ماوەیەکی زۆری ژیانیان لە سایەی ئەو دیموکراتییەتەی سودان بەسەرنەبردووە کە بابو باپیرانیان تێیدا ژیاون،بۆیە سەڵاح سەنهورِی و چەند کەسێکی دیکە کە بوونە قوربانی شۆرِش و لە ئێستادا خۆپیشاندەران بە ناوی ئەوان هوتاف دەکێشن لەو نەوەیەن کە لەسەردەمی ئەم رژێمە چاویان بەژیان هەڵێناوە،ئەو رژێمەی جۆرەها شێوازی خوێندن و رۆشنبیری و ئایین و تەکفیری بەسەریاندا سەپاند،بەڵام ئەو گەنج ولاوانە دەستبەرداری واتاکانی ئازادی نەبوون و سنگیان دایە بەر گولە و باکیان بە ترس و تۆقاندنی دامودەزگا ئەمنییەکان نەبوو،ئەوەشیان سەلماندەوە کە تینووی ئازادی و کەرامەت و ژیانی سەربەرزین وەك گەلانی دیکەی دەوڵەتانی عەرەبی،ئەو لاوانە توانیان بە شێوەیەکی دیکە و جیاواز گوزارشت لە شۆرِشەکەیان بکەن نەك هەر تەنیا بە زەبری چەك و شەرِو بەرگری، بەڵکو لە رێی کۆکردنەوەی دەنگ و رەنگ و وێنەو گرتەی ڤیدیۆیی سەبارەت بە بارودۆخی نالەباری وڵاتەکەیان و گەیاندنیان بە دەزگاکانی هەمەجۆری میدیایی عەرەبی و جیهانی،هاوکات راپەرِینی سودان ئەوەی سەلماند کە گەلی سودان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە لە ژن و پیاوو گەنجان یەك مەبەست و ئامانج کۆیان دەکاتەوە ئەویش بەرەورِووبوونەوەی مردن و زیندانی و ئازارو ئەشکەنجەیە هاوکات ئەم گەلە نەك هەر لە ناوخۆ بگرە لە تاراوگەو ژیانی پەنابەریشدا رۆڵی بەرچاویان لە ریسواکردنی رژێمی سەرکوتکاریی سوداندا بینیوە بە تایبەتیش کە لە زۆر وڵاتدا خۆپیشاندانی نارەزاییان دژی رژێمەکەی بەشیر سازکردووە بە ئاراستەی گوشارخستنە سەر برِیاربەدەستان و رای گشتی.

راپەرِینەکەی سودان بەرەورِووی چەندین سیناریۆ و ئەگەری کراوە دەبێتەوە،لەوانە هەندێ هێز هەن بە تایبەتیش هێزی دیکەی ئیسلامی نێو خودی رژێم لە هەوڵی ئەوەدان بەری ئەو شۆرِشە لە بەرژەوەندیی خۆیان بچننەوە جا رەنگە بە ئەنجامدانی کودەتای کۆشك یان کودەتای سەربازی بێت،بۆیە دەبینین بەر لە چەند مانگێك هەوڵێکی سەرنەگرتووی کودەتا سازکرا بە سەرۆکایەتیی فەریق سەڵاح قوش سەرۆکی پێشووی هەواڵگری و ژمارەیەك لە سەرکردە سەربازییە ئیسلامییەکانی نێو سوپا، بەڵام هەرزوو لەناوبرا،بۆیە سودانییەکان بە برِوایەکی تۆکمەو قایمەوە و بە ئومێدێکی گەشبینانە دەرِواننە پاشەرِۆژی شۆرِشەکەیان تاکو وڵات لە دەسەڵاتی رژێمی دیکتاتۆری بەشیر رزگار بکەن.

**راپەرِینەکەی سودان بەرەورِووی چەندین سیناریۆ و ئەگەری کراوە دەبێتەوە،لەوانە هەندێ هێز هەن بە تایبەتیش هێزی دیکەی ئیسلامی نێو خودی رژێم لە هەوڵی ئەوەدان بەری ئەو شۆرِشە لە بەرژەوەندیی خۆیان بچننەوە**

**هێزی دیکەی ئیسلامی نێو خودی رژێم لە هەوڵی ئەوەدان بەری ئەو شۆرِشە لە بەرژەوەندیی خۆیان بچننەوە جا رەنگە بە ئەنجامدانی کودەتای کۆشك یان کودەتای سەربازی بێت**



پرۆفیسۆر جامیس ئەی ریلی ئوستادی مێژووە لە زانکۆی جۆرج تاون و تایبەتمەندە لەسەر مێژووی سوریا لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە تا ئێستا و هەروەها تایبەتمەندە لەسەر مێژووی هاوچەرخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی سوریا، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی پرۆفیسۆر جامس ریلی کرد و بەمجۆرە وەڵامی دایەوە.

### جامس ریلی تایبەتمەند لەسەر مێژووی سوریا بۆ گوڵان:

# نابێت کوردی سوریا ئەو دەرفەتە لەدەست بدەن کە ئێستا بۆیان هاتۆتە پێش

*** ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوەڕێی ئەوەیە کە کێشەی سوریا بە ئاشتی و لەمیانەی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی چارەسەر بکرێت، ئایا چۆن ئەم قەناعەتە هاتۆتە ئاراوە؟**

- هێزە دەرەکیەکان کە پشتیوانی هێزە جیاوازەکانی سوریا دەکەن، ئەمریکا و روسیا و تورکیا و وڵاتانی کەنداو و سعودیە و قەتەر و بە دڵنیاییەوە ئێرانیش، زەمینەیەکی هاوبەشیان بەدی کرد-ئەوەیان بەدی کرد- کە کەمکردنەوەی ئاستی گرژی و توندوتیژی بۆی هەیە دەرئەنجامی ئیجابی لێبکەوێتەوە، بەتایبەتی کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژی، بەڵام پێموایە چارەسەری سیاسی زۆر زۆر دوورە.

*** بەڵام تەنیا دوو مانگ لەمەوبەر کاتێك دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە رژێمی ئەسەد چەکی کیمیایی بەکار هێنا،**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی یەکجار توندی وەرگرت، بەڵام بەکردەیی هیچی لی جێبەجێ نەکرا، ئایا بە بۆچوونی تۆ بۆ ئەو هەڵوێستە نەبووە کردار؟**

- دەبێت دەستەواژەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بخرێتە نێو دوو کەوانـــەوە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشـــتیوانی لایەنی جیاواز دەکات لە شـــەڕی سوریادا، واتە بۆچوونێکی یەکگرتـــوو نییە- کە هاودەنگی لەســـەر بێـــت- لە نێو هێزە دەرەکیەکاندا کە پێویســـتە چی لە ســـوریادا رووبدات. لەبەر ئەوەی باشـــترین شـــت، یاخود واقیعیترین شت ئەوەیە بگەنە رێککەوتنێك بـــۆ رێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی توندوتیژی بۆ وڵاتانی دیکە. بەڵام لە ئێستادا چوارچێوەیەك بۆ رێککەوتنی سیاســـی نابینم کە کۆتایی بە شـــەڕەکەی سوریا بهێنێت و چارەسەری بکات، من ئەمە نابینم.

*** کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنیا تەرکیزی لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کرد لە ســـوریا، بەڵام لە ماوەی دوو ساڵی رابـــردودا پتر لە ســـەد هەزار مەدەنی بـــە چەکی تەقلیدی کوژران، ئایا ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان لە بارودۆخەکەدا بکات؟**

- بە دڵنیاییەوە لە گۆشـــەنیگای مرۆییەوە دۆخی ســـوریا کارەســـاتە، بەڵام حاڵی حـــازر بەرژەوەندی هێـــزە ئیقلیمی و دەرەکیەکان لـــە ناکۆکیدان. ئەگەر بە راشـــکاوی بدوێین ئەوا ئـــەو حکومـــەت و دەوڵەتانەی بـــە دوای بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانیانـــەوەن گرنگـــی بـــەوە نادەن لـــەو پێناوەدا چەند کـــەس دەمرێت یان دەکوژرێت یـــان چەند کەس ئاوارە دەبێت. ئەوەی نیگەرانن لەبارەیەوە ئەوەیە ئەگەر شـــەڕەکەی ســـوریا بەردەوام بێت و بەرفراوان بێـــت و ئاوارەیەکی زیاتری لێبکەوێتەوە، ئەوا نائارامی پەلدەکێشـــێت بۆ دەرەوەی سوریا، بـــەرەو لوبنان و بەرەو ئەردەن و دۆخی تورکیاش ئاڵۆز دەکات، ئەوەش ئیعتیبارێکی ئینسانی نییە کە رەنگە ببێتە پاڵنەرێك بۆ هێزە دەرەکیەکان بۆ ئیحتیواکردن یان ســـنوردارکردنی، بە داخەوە پێموانییە خەمە ئینسانیەکە رۆڵێکی گەورەی هەبێت لە حساباتی هێزە گەورەکان و هێزە دەرەکیەکاندا.

*** لەسەر ئاستی ئیقلیمی دۆخی سوریا بۆتە هەڕەشە لەسەر دەوڵەتە دراوســـێکانی، بـــۆ نموونە لە عێـــراق ئەلقاعیدە بە شێوەیەکی رۆژانە کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدات و تەقینەوە دەکات؟**

- بێگومان تۆڕەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدەی عێراق، پەیوەندی و رایەڵەیان هەیە بە هاوبیرەکانیانەوە لە سوریا کە دێن و دەچن، لەبەر ئەوەی ئەگەر بارودۆخی سوریا بەردەوام بێت، ئەوا ئەمە هەواڵێکی ناخۆش دەبێت بۆ عێراق و عێراقیەکان.

*** باس لەوە دەکرێت ئەمریکا و رۆژئاوا دوودڵن لە دەستێوەردان لەبەر بوونی گروپی توندڕەوی ئیســـلامی لە نێو موعارەزەدا کە فەزڵی ئەوان نادەن بەســـەر ئەسەددا، ئایا پێتوایە پێویستە پشـــتیوانی لە رژێمێکی دیکتاتۆری بکرێت کە کارەســـاتی خوڵقانـــدوە، تەنیا لەبەر ئـــەوەی گروپێکـــی توندڕەو جێی نەگرێتەوە؟**

- وەڵامەکە نەخێرە، لەبەر ئەوەی کێشـــەی سوریا لە مەودای دووردا، بە راددەیەکی گەورە بەهۆی رژێمەکەی ئەســـەدەوە- بە باوك و کوڕەوە- دروســـت بووە، هەروەها دەیان ساڵی خراپ حکومڕانـــی و خراپی حکومەت بووە لە ســـوریا. لەبەر ئەوە پێموایە پشـــتیوانیکردنی رژێمەکە شتێك نییە بە ویژدانێکی باشـــەوە بکرێـــت، لەلایەکی دیکەوە هێـــزە گەورەکانی دیکە و هێـــزە دەرەکیان تەرکیزیان لەســـەر ئەوەیە کێ تێوەگلاوە لە شـــەڕی ســـوریادا، ئەوەندەی من ئاگاداربم بەلای کەمەوە ســـێ ناوچە هەیە لە ســـوریا، ناوچەیەك رژێمەکەی ئەسەد کۆنترۆڵی دەکات، ناوچەیەك بە دەستی گروپە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکانەوە و ناوچەیەك هەیە لە ژێر کۆنترۆڵی پارت و میلیشا کوردیەکانەوە و رەنگە تورك و سعودیە و ئێرانیەکان پێیان باشتر بێت خۆیان لەگەڵ ئەو واقیعەدا بگونجێنن، لەبری ئەوەی هەوڵی ئەوە بدەن سەرکەوتنی یەکجاری ئەسەد بەسەر موعارەزە یان موعارەزە بەسەر ئەسەددا ببینن.

*** تورکیا لە ماوەی ئەو چەند ساڵە کەمەی رابردودا پشتیوانی موعارەزەی کردووە و دۆخی ســـوریا کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەســـەر هەل و مەرجی ناوخۆیی تورکیا، ئایا پێتوانیە مانەوەی ئەســـەد دەبێتەهۆی ئەوەی رژێمی ئەســـەد بیر لە تۆڵەکردنەوە لە تورکیا بکاتەوە، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر بارودۆخی ناوچەکە دەبێت و ئایا ئایندەی کوردی ســـوریاش چۆن دەبینیت؟**

- پێموانیە ئەســـەد لە پێگەیەکدا بێت هێزی خۆی لەدەرەوەی ســـنور بچەســـپێنێت، چونکە خۆی ململانێی ئـــەوە دەکات دەسەڵاتی لە بەشێکی سوریادا بپارێزێت، لەبەر ئەوە پێموانیە رژێمەکە هەڕەشـــەیەکی زۆر لەســـەر تورکیا دروست بکات، لەلایەکی دیکەوە هەڵوێســـتی حکومەتی تورکیا لە ئاســـت شەڕی ســـوریادا بۆتەهۆی دابەشبوونی کۆمەڵگەی تورکیا، لەبـــەر ئەوە رەنگە فشـــاری ناوخۆیی هەبێت کە کێشـــە بۆ حکومەتەکەی ئەردۆغان دروست بکات، ئەگەر ئەم حکومەتە بەردەوام بێت لەسەر پشتگیریکردنی –یاخیبوون-موعارەزەی دژ بە حکومەتەکەی- ئەسەد-. ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی کورد و جۆری پەیوەندی نێوان کوردەکانی سوریا بە کوردەکانی عێـــراق و تورکیاوە هەبێت، ئەوا ئەمە خاڵێکی هەســـتیارە بۆ حکومەتی تورکیا، لەبەر ئەوە رژێمەکەی ئەسەد ئەوەندەی لە توانادا بێت دەیکات بۆ گەمەکـــردن بەم –حاڵەتە-، بەهۆی پاراستنی پەیوەندی نزیك لەگەڵ ناوچە کوردیەکانیدا، لەبەر ئەوە پێموانیە رژێمەکەی ئەســـەد لە پێگەیەکدا بێت بتوانێت دەســـەڵاتی خۆی لە دەرەوەە بچەســـپێنێت، لەبەر ئەوەی بە زەحمەت کۆنترۆڵی بەشـــێکی وڵاتەکـــەی خۆی پێدەکرێت، بەڵام ئەو بارودۆخە ناوخۆییەی تورکیا کە بەهۆی شـــەڕی ســـوریاوە دروســـت دەبێت، یان پەیوەندی بە شەڕی سوریاوە هەیە، بۆی هەیە ئاڵۆزی لە تورکیادا بخوڵقێنێت و کاریگەری لەسەر هەڵوێســـتی حکومەتی تورکیا هەبێت. و حاڵی حازر کوردەکانی ســـوریا خۆیان کاروباری خۆیـــان بەڕێوە دەبەن و ئەمە بۆتە واقیعێك و نابێت کوردەکانی ســـوریا دەستبەرداری ئەو خۆبەڕێوەبەری و ئەو ئۆتۆنۆمیە بن کە ئێستا بەدەستیان هێناوە.

**لە ئێستادا چوارچێوەیەک بۆ ڕێککەوتنی سیاسی نابینم کە کۆتایی بە شەڕەکەی سوریا بهێنێت و چارەسەری بکات**

**پێموانییە خەمە ئینسانیەکە رۆڵێکی گەورەی هەبێت لە حساباتی هێزە گەورەکان و هێزە دەرەکیەکاندا**



### نەدیم شاهیدی پسپۆر لە چاتام هاوس بۆ گوڵان:

# بارودۆخی ئێستای سوریا ساڵی ١٩٩١ی عێراقمان بیردێنێتەوە کە سەدام راپەڕینەکەی سەرکوتکرد و ئەمریکا بێدەنگ بوو

**نەدیم شـــاهیدی پســـپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ســـوریا و لوبنان و تۆژەری باڵایە لە ئامۆژگای چاتام هاوسی بەریتانی و بۆ قســـەکردن لەسەر کۆنفراســـی ژنێڤ ٢ کە بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیك بۆ چارەسەری کێشەی سوریا گرێبدرێت، هەروەها ئەو بارودۆخەی ئێســـتا سوریا پێیدا تێدەپەڕێت و ئەگەرەکانی مامەڵەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ رژێمی بەشار ئەسەد، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ نەدیم شاهیدی ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** وابڕیارە لە ٢٣ و ٢٤ی مانگی داهاتوو، کۆنفرانسی دووەمی جنێڤ دەبەسترێت بۆ چارەسەرکردنی دۆخی سوریا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دوای ئەو هەموو کارەساتانەی روویاندا، ئایا سازکردنی کۆنفرانسێکی لەم جۆرە هیچ بەهایەکی هەیە؟**

- لە سایەی هەل و مەرجی ئێستادا، ئەم کۆنفرانسە ئامانجە بنەڕەتیەکانی خۆی بەدەست ناهێنێت، کە بریتین لە خستنەگەڕی پرۆسەیەکی ئینتیقالی لە سوریا و ئەنجامدانی گفتوگۆی سیاسی لەگەڵ موعارەزەدا. و ئەوەی من نیگەرانم لەبارەیەوە ئەوەیە ئەمە کاتێکی زیاتر بە فیڕۆبدات، لە کاتێکدا کە رژێمەکە خەریکی کوشتنی خەڵکەکە و سەرکوتکردنی گروپە موعارەزەکانە لەسوریا، ئەمە دۆخی عێراقی ساڵی ١٩٩١مان بیر دەخاتەوە، کاتێك کە جۆرج بوشی باوك خەڵکی عێراقی هاندا بۆ راپەڕین دژی سەددام حوسێن و راپەڕینیش دەستی پێکرد و بە ماوەی ٢ هەفتەدا حکومەتەکەی لە کۆی ١٨ پارێزگا ١٤ پارێزگای لەدەستچوو، بەڵام ئەمریکا پشتیوانی و هاوکاری راپەڕینەکەی نەکرد و سەددام حوسێن سەرکوتی کرد، بۆیە من زۆر گەشبین نیم بەرامبەرە بارودۆخی سوریا، یان سیاسەتی نێودەوڵەتی، لەبەر ئەوەی من نیگەرانم و ئەو بارودۆخەم لەبەرچاوە کە لە ساڵی ١٩٩١دا لە عێراق روویدا.

*** ئایا ئومێدی ئەوە هەیە بەشار ئەسەد دەستبەرداری دەسەڵات بێت و بگەنە رێککەوتنێکی سیاسی لەم کۆنفرانسەدا؟**

- نەخێر من پێموانیە ئەگەری لەم جۆرە رووبدات، لەبەر ئەوەی بەشار ئەسەد پێیوایە دوایین بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش لەبارەی چەکە کیمیاییەکانی- ئەو وڵاتەوە-، بۆتەهۆی ئەوەی بەلای کەمەوە زەمانەتی ساڵێکی دیکە بکات کە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە.

*** بەهۆی دابەشبوونی موعارەزە پێشبینی دەکرێت ئەم کۆنفرانسە لە بەرژەوەندی موعارەزەدا نەبێت، بۆچوونی ئێوە چیە لەم بارەیەوە؟**

- ئەوەتان لە یادە کاتێك موعارەزەی عێراق لە ساڵی نەوەتەکاندا هەوڵی خۆڕێکخستنی دەدا، چەند ناکۆکی هەبو و چەند کۆنفرانس کرا کە یەکلاکەرەوە نەبوون، دوای ساڵانێکی زۆر ژیان لە سایەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریدا، ئەم دەسەڵاتە کۆمەڵگە تێکدەشکێنێت و بارودۆخێك دەخوڵقێنێت کە مەحاڵ بێت موعارەزە خۆی رێکبخات، کەواتە ئەوەی لە موعارەزە روودەدات شتێکی سروشتیە و دەرئەنجامی ئەو هەموو ساڵەیە کە لە سایەی دیکتاتۆریەتدا بردویانەتەسەر، خەڵك متمانە بە یەك ناکەن و گومان لە یەکتر دەکەن و ئەجینداگەلێکی زۆر لە ئارادایە و ناکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت لە دۆخێکدا لەم چەشنەدا موعارەزە یەکگرتوو بێت.

*** راوبۆچوونی ئێوە چیە لەبارەی هەڵوێستی پەرلەمانی بەریتانیا لە ئاست چارەسەری سەربازیدا؟**

- پێموایە ئەوەی لە پەرلەمانی بەریتانیادا روویدا، بە شێوەیەك لە شێوەیەکان شکستێکی گەورەیەو رەنگە هۆکارەکەی چۆنیەتی خستنەڕووی کێشەکە بێت و بەهۆی میراتی شەڕی عێراقەوە، خەڵکی دەرسێکی هەڵەیان لە دەستێوەردان لە عێراقەوە وەرگرتووە، کە بریتییە لە بیرۆکەی ئەوەی لابردنی دیکتاتۆرێك دەبێتەهۆی ئەوەی وڵاتەکە بەرەو لێکهەڵوەشان بچێت، پێموانیە ئەمە لێکدانەوەیەکی ورد بێت، چونکە رووخاندنی دیکتاتۆریەت سەرەتای پرۆسەیەکی ئینیتقالیە، و ئەوەی روودەدات دەرئەنجامی لابردنی دیکتاتۆریەت نییە، بەڵکو دەرئەنجامی ئەو چەند ساڵەیە کە دیکتاتۆریەت حکومڕانی کردووە.

*** دەبینین سوریا بۆتە گۆڕەپانی شەڕی شیعە و سوننە و لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا هەوڵدەدات، ئێران بەشداری پێبکات لە کۆنفرانسی جنێڤ ٢، ئایا ئەم کۆنفرانسە هاوکێشەی ناوچەکە دەگۆڕێت؟**

- پێموایە روانین لە شەڕ و ناکۆکیەکە وەك ئەوەی تەنیا ناکۆکی سوننە و شیعە بێت، لێکدانەوەیەکی ورد نییە، چونکە چەندین دابەشبوون هەیە لە نێو سوننەکان و چەندین دابەشبوون هەیە لە نێو شیعەکاندا کە لەبەرچاو نەگیراوە و بەشداریکردنی شیعەکان، بەشداری شیعەکان نییە، بەڵکو ئەوە گاردی شۆڕشگێڕی ئێرانیە کە لەلایەن ئێرانەوە داراییان بۆ دابین دەکرێت و رێکدەخرێن لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، واتە ئەمە دەستێوەردانی دەوڵەتێکە لە سوریادا، و ناکۆکی شیعە و سوننە نییە و تەنانەت لە عێراقیشدا جیاوازیەکی زۆر لە نێو شیعەکاندا هەیە، لەبەر ئەوە ناکرێت بڵێیت ئەمە رووبەڕووبوونەوەی شیعە و سوننەیە. لەبەر ئەوە من نە ناکۆکیەکەی عێراق و نە ئەوەی سوریا بە ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە لێك نادەمەوە.

*** ئەی سەبارەت بە کوردی سوریا لەم بارودۆخە چی دەڵێن؟**

- پێموانیە کوردەکانی سوریا جیاببنەوە و ببنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یاخود هەرێمی کوردستانی —عێراق-...... جیاببێتەوە و ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام ئەوەی ئاییندە هەڵگریەتی ئەوەیە کە دەبێت خەڵکی ناوچەکە فێربن پێکەوە بژین و هاوبەشی بکەن لە دەسەڵات و لە داهاتدا لە چوارچێوەی سنورەکاندا، لە چوارچێوەی ئەو فرەییەی سەدان ساڵە بوونی هەیە، ئەوە دیکتاتۆریەت نەبووە، یەکگرتوویی کۆمەڵگەی پاراستووە، بەڵکو نەریتێکی کۆنی پێکەوەژیانی خۆی هەبووە.

**گەشبین نیم بەرامبەرە بارودۆخی سوریا، یان سیاسەتی نێودەوڵەتی، لەبەر ئەوەی من نیگەرانم و ئەو بارودۆخەم لەبەرچاوە کە لە ساڵی ١٩٩١دا لە عێراق روویدا**

**رووخاندنی دیکتاتۆریەت سەرەتای پرۆسەیەکی ئینیتقالیە، و ئەوەی روودەدات دەرئەنجامی لابردنی دیکتاتۆریەت نییە، بەڵکو دەرئەنجامی ئەو چەند ساڵەیە کە دیکتاتۆریەت حکومڕانی کردووە**

# گەنج و سیاسەت لە کوردستاندا

٥




دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

دووهەم ڕێکخراوەکانی تایبەت بە گەنجان. لە چرکەساتی کارکردن لەسەر پرسی گەنجاندا، ئێمە ڕووبەڕووی داتایەکی وشك و تاڵ دەبینەوە، کە دەکرێت بەمشێوەیە گوزارشتی لێبکەین: بەدرێژایی مێژووی سیاسی کۆمەڵگەی کوردی، بەشی هەرە زۆرینەی ئەو ڕێکخراوانەی کە لەسەر گەنجان کاریانکردووە، هەڵگری شوناسی حیزب بوون. واتە پرۆژەکانیان، جوڵانەوەکانیان، پراکتیکەکانیان لەو جەماوەرەی کە پێیدەوترێت «گەنجان» سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو لەو ستراکتۆرەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێیدەوترێت «حیزب». ئەوەی شەرعیەتی بە ئامادەبوونی ئەم ڕێکخراوانە لە پانتاییە گشتیەکاندا بەخشیوە، بەرژەوەندی، خەون، حەز، ئارەزوو، خواست و ئومێدەکانی جەماوەری گەنجان نەبووە، بەڵکو خەبات لە پێناوی فراوانکردنی ڕووبەری حیزب، زۆرکردنی ئەندامانی حیزب، دۆزینەوەی سووتەمەنی بۆ ئاگردانی حیزب و هەژمونکردنی حیزب بەسەر جەماوەی گەنجاندا بووە.

بێ هۆ نییە کە متمانەی گەنجان بەم ڕێکخراوانە لە ئاستێکی تەواو نزم و تراژیدیدایە. یەکێك لەو پرسیارانەی کە ئاڕاستەی پێنج هەزار و سێسەد و هەشتا و چوار گەنجی کوردستانیمان کردووە بریتییە لە: کام لەمانەی خوارەوە گوزارشت لە بەرژەوەندی گەنجان دەکەن؟ ئێمە پێنج پێشنیارمان خستووەتە بەردەستیان کە بریتین لە حیزبەکان، ڕێکخراوەکان، پەرلەمان، حکومەت، هیچیان. تەنها ٢١ لە سەدیان پێیاوانیە کە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە گەنجان گوزارشت لە بەرژەوەندیەکانیان دەکەن! تەنها نزیکەی ١٠ لەسەدیان پێیانوایە کە حیزبەکان گوزارشت لەبەرژەوەندیەکانیان دەکەن، حکومەت نزیکەی ٤ لەسەد، پەرلەمان چوار لە سەد، بەڵام ئەو گەنجانەی کە پێیانوایە، نە حیزبەکان، نە پەلەرمان، نە حکومەت و نە ڕێکخراوەکان گوزارشت لە بەرژەوەندیەکانیان دەکەن ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ٦٢ لەسەد، کە ئەمە ڕێژەیەکی یەکجار بەرزە و یەکێکە لەو «موئەشیرانەی/ئاندیکاتۆر» کە دەتوانێت زەنگی ترسناك بۆ هەموو لایەك لێبدات.

گەر ئەم دیاردەیە لە چرکە ساتی ڕاپەڕینە یەك لەدوای یەکەکاندا وەك دۆخێکی ئاسایی تەنانەت لای خودی لاوانیش وێناکرابێت، بێگومان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە بەگشتی و ٢٠٠٣وە بەتایبەتی (چرکەساتی گەشتنی ئەمریکا بە عێراق)، کۆمەڵگەی کوردستانی پێدەنێتە نێو هەلومەرجێکی دیکەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، کە




تیایدا بەرژەوەندیەکانی گەنج گۆڕانکاری رادیکاڵیان بەسەردا دێت و شێوازی دیکەی گوزارشتکردن لە خۆیان دەدۆزنەوە. لەهەمانکاتدا ڕێکخراوەکان نەك هەر گۆڕانکاری بەسەر ستراکتۆرەکانی خۆیاندا ناهێنن و هاوڕێیەتی ئەم گۆڕانکاریە رادیکاڵانە ناکەن، بەڵکو توانای تێگەشتن لە خودی ئەم گۆڕانکاریانەشیان نییە! ئەوەی ئەم بێمتمانەییە فراوانەی لەنێوان گەنجان و ڕێکخراوەکاندا دروستکردووە، ئەم مەودا کوشندەیەیە کە لەنێوان هەردوولادا دروستبووە.

بەڵام سەرەڕای ئەم تێبینیانەش، ئێمە پێمانوایە کە بۆ دروستکردنی سیاسەتێکی تەندروستانەی دوورە مەودا لەسەر پرسی گەنجان، نابێت ڕێکخراوەکانی تایبەت بە گەنجان دووربخرێنەوە. بەپێچەوانەوە دەبێت لەڕێگای بەشدارپێکردنیانەوە، رابهێنرێن لەسەر ئەوەی کە زیاتر لە بەرژەوەندی لاوان نزیک ببنەوە و کەمتر گوزارشت لە بەرژەوەندیەکانی حیزب بکەن.

مەخزەنی مەعریفەی ئەم ڕێکخراوانە لەسەر لاوان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و دەکرێت وەك یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکان «تەعبیئە» بکرێت. بەراورکردنی بۆچوونی ئەم ڕێکخراوانە لەگەڵ بۆچوونی جەماوەری گەنجاندا جۆرێك لە «ڕیفلێکسیڤیتیی» وەك میکانیسمی تێگەشتن لەیەکتری دروستدەکات. لەسەر ئاستی پراکتیك، ڕێکخراوەکان ئەو ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەن کە زیاتر لە هەر دەزگایەکی دیکە لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکانی جەماوەری گەنجان، بە سەلبی یان ئیجابی کاریان کردووە، پرۆژەیان دروستکردووە، بەنێویاندا کشاون، لە ڕۆحیان نزیکبوونەتەوە، هەوڵیانداوە بڕۆنە نێو مێشکیانەوە. نەبوونی متمانە لەنێوان گەنجان و ڕێکخراوەکاندا بە هیچ شێوەیەك یەکسان نییە بە سڕینەوەی ئەم مەعریفە مێژووییە. ئەو سیاسەتەی کە لەسەر ئێستا و داهاتووی جەماوەری گەنجان کاردەکات، دەبێت لەسەر ئاستی بابەتی، هەروەك چۆن دەبێت دەرفەتی رادەبڕین بەگەنجان ببەخشێت، ئاواش دەبێت هەمان دەرفەت بۆ ڕێکخراوەکان دابینبکات.

سێیەم سۆسیۆلۆگەکان. کۆمەڵگەی بێ سۆسیۆلۆگ وەك مزگەوتی بێ مەلا و کەنیسەی بێ قەشە وایە. لەڕێگای توێژینەوە مەیدانیەکانیانەوە، لەڕێگای دروستکردنی چەمك و تیۆریەکانیە زانستیەکانیانەوە، سۆسیۆلۆگەکان شەرعیترین کاتیگۆرین کە بتوانن مەعریفەیەکی فراوانی بیناکراو لەسەر داتا سەبارەت بە جەماوەی گەنجان بەرهەمبهێنن. ئێمە چۆن دەتوانین دەستنیشانی خەونەکان، بەرژەوەندیەکان، ئارەزووەکان و خواستەکانی لاوان بکەین و بیانخەینە نێو چوارچێوەی «مەفهومیەوە»، بەبێ توێژینەوەی مەیدانی سۆسیۆلۆگەکان؟ چۆن دەتوانین سیاسەتێکی تەندروست بۆ گەنجان بینابکەین، بەبێ بەشداری زیندووی ئەو سۆسیۆلۆگانەی کە دەتوانن پێمانبڵێن دنیای کۆمەڵایەتی ئێستا و ئێرەمان چیە و چۆنە و بەچ ڕێگایەك دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

چوارهەم حکومەت. بێگومان ئەو ئەکتەرەی کە دەتوانێت گەنجان و ڕێکخراوەکان و پاشان سۆسیۆلۆگەکان پێکەوە بخاتە نێو پرۆژەیەکی «جددی»لەم شێوەیەوە تەنها حکومەتە. حکومەت ئەو چەترەیە کە ئەکتەرەکانی پێشوو پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەو بەڕێوبەرەیە کە کۆی پرۆژەکە دەبات بەڕێوە. حکومەتی کارا ئەو تۆڕی پەیوەندیەیە کە لەیەك کاتدا سۆسیۆلۆگ و ڕێکخراوەکان و گەنجان پێکەوە گرێدەدات. بەبێ حکومەت پرۆژەیەکی وا نە لەدایك



**بۆ دروستکردنی سیاسەتێکی تەندروستانەی دوورە مەودا لەسەر پرسی گەنجان، نابێت ڕێکخراوەکانی تایبەت بە گەنجان دووربخرێنەوە. بە پێچەوانەوە دەبێت لەڕێگای بەشدارپێکردنیانەوە، رابهێنرێن لەسەر ئەوەی کە زیاتر لە بەرژەوەندی لاوان نزیکببنەوە و کەمتر گوزارشت لە بەرژەوەندیەکانی حیزب بکەن**

دەبێت و نە خەونیش بە جێبەجێکردنیەوە دەبینین.

ئەم چوار ئەکتەرە دەتوانن لەسەر ئەم پرۆژانە کاربکەن. یەکەم: یەکلاییکردنەوەی پێناسەکان. هەر بابەتێك بەبێ پێناسەکردنی، بەبێ دەستنیشانکردنی لە چوارچێوەیەکی «کۆنسێپتیول/مەفهومی»دا، ئەستەمە وەربگێڕدرێتە سەر کەرەسەی کارکردن. لێرەوە، یەکەم فەرمان دەبێت بە پێناسەکردنی «گەنجێتی» لەلایەك و سیاسەتی تایبەت بە گەنجان لەلایەکی دیکەوە. دووهەم: ژێرخانی سیاسەتی گەنجێتی. ئەو بودجەی کەم بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەی مەزنی لەم جۆرە تەرخاندەکرێت چەندە؟ هەروەها ئەوکامانەن ئەو یاسایانەی کە دێن و چوارچێوە بۆ ئەم بودجەیە دادەنێن. سێیەم: پرسی پەیوەندی و گەیاندنی مەعریفە. هەر لە دەزگاکانی حکومەتەوە تا دەگاتە بەڕێوەبەرایەتیە لۆکاڵیەکان، تا چەند، چۆن، لەکوێدا، کێ و بە چ توانایییەکەوە پەیوەندی لەگەڵ تەواوی ئەو گروپە جیاوازانەدا دروستدەکرێت کە کاتیگۆری گەنج پێکدەهێنن، بۆئەوەی لە ڕێگای ئەم پەیوەندیەوە، مەعریفەی دروست و تەواو لەسەر پرۆژەی سیاسەتی تایبەت بە گەنجێتی بگات بە گەنجان؟ چوارەم: مەیدانەکانی کارکردن لەسەر ئیشکالیەتە جیاوازەکانی گەنجان. پەروەردە و فێرکردن، دەوەرە و پێگەیاندن، کار، تەندروستی، خانوو، ئاین، سیاسەت. پێنجەم: لە کوردایەتیەوە بۆ کوردستانیبوون. گەنجانی ئێستا و ئێرەی کوردستان لە زەمەنێکدا دەژین کە دەکرێت بە پۆست کوردایەتی ناوی بەرین. گەر کوردایەتی بریتی بووبێت لە دروستکردنی گیانی فیداکاری لەپێناوی نیشتماندا، پێشوازیکردن لە پەتی سێدارە بە پێکەنینەوە، پەلاماردانی دەبابەی دوژمن بە چەقۆوە، ئەوە لە ئێستادا گەنجانی کوردستان پێویستیان بە شوناسی کوردستانیبوون هەیە، کوردستانیبوون بە مانای فێربوونی پێکەوەژیان لەگەڵ هەموو ئەو تاك و خێزان و گروپە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و ئەخلاقی و ئایدۆلۆژیای و حیزبی و کولتوریانەی دیکەدا کە لەسەر خاکی کوردستان دەژین و گەر وەك تۆ کوردیش نەبن، گەر وەك تۆ موسوڵمانیش نەبن،



گەر وەك تۆ حیزبیش نەبن، گەر كەلتوری تۆشیان نەبێت، هیچ گرفتێك نییە، چونكە كوردستانیبوون هەموو لایەك پێكەوە كۆدەكاتەوە.

---

١. چەمكی ریڤلێكسیڤیتیێ لای عەرەبەكان بە «ئینعیكاسیەت» باسكراوە. بەڵام من پاش راوێژكردنم لەگەڵ كۆمەڵێك تایبەتمەند لە بواری سۆسیۆلۆژیادا، گەشتوومەتە ئەو قەناعەتەی كە وشەی «ئینعیكاسیەت» لەتوانایدا نییە گوزارشت بكات لە ماناكانی ریفلێكسیڤیتیێ و دواتر خوێنەری كورد خۆی سەربەستە لە بەكارهێنانی زاراوە فەرەنسی و عەرەبیەكەدا.

ریڤلێكسیڤیتیێ بریتییە لەو مەسافەیەی كە ئەكتەرێك لە نێوان خۆی و چالاكیەكانیدا دروستی دەكات بە مەبەستی لێرامان و وردكردنەوەو راڤەكردنیان تا بتوانێت تێبگات لەوەی كە ئەنجامی داوە. گەڕانەوەی ئەكتەرەی كۆمەڵایەتیە بۆ سەر هەموو ئەو هەلومەرج و مێژووە خودی و بابەتیانەی كە گوتارو رەفتارەكانی تیادا بەرهەم دەهێنێت. گەڕانەوە بەمەبەستی راڤەكردن و تێگەشتن.

مومارەسەكردنی ریفلێكسیڤیتیێ رێگادەدات بە هەر ئەكتەرێكی كۆمەڵایەتی كە ببێت بە رەخنەگری یەكەم و راڤەكاری یەكەمی چالاكیەكانی رۆژانەی خۆی. گەورە سۆسیۆلۆگی بەریتانی ئەنتۆنین گیدانس رێڤلێكسیڤیتێی سەردەمی مۆدێرنیتیێ وەك گەرەنتی بەرهەمهێنانەوەی سیستەم و كارایی دانانی فیكر بەسەر كردەوە دادەنێت.

لە كۆمەڵگەیەكدا كە ئەكتەرە كۆمەڵایەتیەكان مومارەسەی ئەم بنەمایە ناكەن و كردەو چالاكی و گوتارەكانی رۆژانەیان ناخەنە ژێر پرسیارەوەو خۆیان تەسلیم بە زنجیرەیەک لە یەقین و شتە دەقگرتووەكان دەكەن، ئومێدی گۆڕان و بەرەوپێشەوەچوون تەواو لاواز دەبێت. كۆمەڵگەی زیندوو ئەو كۆمەڵگەیەیە كە دەستبەردای رێڤلێكسیڤیتیێ نابێت.

**حكومەتی كارا ئەو تۆڕی پەیوەندیەیە كە لەیەک كاتدا سۆسیۆلۆگ و رێكخراوەكان و گەنجان پێكەوە گرێدەدات**

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانكۆ لە پاریس**